# تەق تەق

# دیرۆك و سەرهەڵدان

بسم الله الرحمن الرحيم

# تەق تەق..دیرۆك و سەرهەڵدان

گوزەرێك بەنێو ڕووداوەکانی مێژووی تەق تەق، ڕاپەڕین و شایەتحاڵەکانی ڕاپەڕین

**نووسینی**

مەلا ئەبوبەکر تەق تەقی

**پێداچوونەوەی**

شاخەوان عەلی مامۆکی

ئەبوبەکر شوان(خادیم)

چاپی یەکەم/٢٠٢١

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ:

**(من لا يَرحمِ النَّاسَ لا يرحَمْهُ اللَّهُ)**

صحيح الترمذي/١٩٢٢

## ✍ـــــــــ پێشکەشە:

بەوانەی بوونە ڕۆشنایی رۆژگارە جەنگڵستانەکان و مۆم ئاسا بۆ رووناکی رێی ڕزگاری و سەرفرازی خاکی کوردستان، گیانی پاکیان بەخشی .

بەوانەی گیانفیدا، خۆیان کردە قوربانی تا هەمووان لەبەرهەمی خوێنی شەهیدان و لەژێر سێبەری ئازادی و سەربەخۆیی ئەواندا بەئارامی و خۆشنوودی، ژیان بکەن.

بەوانەی مێژوویەکی مەزن و نەمریان تۆمار کردو لاپەڕەکانی تەمەنیان بە شکۆداری ڕەنگرێژ کرد.

بەوانەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینان کردە خاڵی وەرچەرخان بۆ راگوزەری ئەو بارودۆخە ناهەموارە بۆ داهاتوویەکی گەش.

بەهەموو ئەوانەی لەم پڕۆژەیەدا بە وشەیەک، وتەیەک، بە دەسگرۆییەکی سادە و ساکار هاوکارو هەماهەنگ بوون.

نووسەر



هەر گەلێ ستەمی لێ بکرێ

ڕۆڵەکانی خوێن گەرم دەبێ

خۆی بۆ ستەمێ ناچەمێنێ

ڕێگای ئازادی و ڕاپەڕین دەبێ

- ناوی کتێب : تەق تەق..دیرۆک و سەرهەلدان
- بابەت : مێژوویی
- نووسینی: مەلا ئەبوبەکر تەق تەقی (بەکر ئاوارە)
- پێشەکی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
- دیزاین و تایپ کردن : باوکی عومەر – بێشە فەتاح عەلی
- هەڵەچن : مریەم لەتیف
- سەرپەرشتی: شاهۆ ئەبوبەکر.
- نەخشەسازی : نووسینگەی پاداشت بۆ کۆمپیوتەر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە

**چاپ** : چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

# بەشی یەکەم

# ڕاپەڕین و بەرخودان



# پێشەکی

خوێندنەوەی مێژوو و قسەکردن لە سەر رابردوویەکی دیارو نادیار، کارێکی ئەوەندە سادە و سانا نیەو هەموو مرۆڤێك بوێری و توانستی ئەەوەی تێدا نیە دەست بۆ ئەو کارو پرۆژەیە ببات، نەخاسمە بۆ بابەتگەلێ ئەگەر خۆی بەشێك نەبووبێ لە ڕووداوەکان و بەکردەوە بەشداری ڕووداوەکانی نەکردبێت.

وەلێ زۆر جار بۆ جێگیرکردنی ئەو هەوڵە، لە ڕێی شایەتحاڵ و کەسانی ماتمانە پێکراو دەتواندرێ گوزەر بەنێو ئەو مێژووە یا ئەو رابردووە بکرێ و پشت بەستن بە سەرچاوەی نووسەران، بابەتەکە زیاتر دەوڵەمەند دەکا و رەواجی پترِی پێ دەدات کە بایەخ و گرنگی بابەتەکە پشتڕاست بکاتەوە، بەکلۆجێ بتوانین ئەوەی مەبەستە ئامانجی خۆی بپێکێ.

مامۆستا مەلا (بەکر تەق تەقی) ماوەیەکی زۆرە دەستی داوەتە ئەم کارە و لە هەوڵەکانیشی دا تا ڕادەو ئەندازەیەکی چاك، ئاماژە سەرکەوتنی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، ئەوەش جێی ستایش و دەستخۆشیەو ئەم کتێبە خەرمانەیەکە لە پەیڤی ڕەسەنایەتی و

تۆمارکردنی ئەو شانازیەی کە هەموومان شانازی پێوە دەکەین، مایەی کامڕەوای کاکی نووسەرەو شایانی خوێندنەوەیە.
لەم روانگەوە ئەم کتێبەی بەردەستان دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بە مێژووی تەق تەق و بەدیاریکراوی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ۱۹۹۱ی شارۆچکەی تەق تەق و شارو شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.
ئەوەش دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەوانەی دەیانەوێ تێزی زانستی بەدەست بێنن و توێژینەوەی مێژوویی لەسەر ئەم شارە ئەنجام بدەن.

"شاخەوان عەلی مامۆکی"
شارۆچکەی تەق تەق/ ٢٠٢٠

# ڕا پەڕین لە دیدی مەلا بەکر تەق تەقی

📖ڕێخۆشی



هەمووومان لە هەرێمی کوردستان کەم تا زۆر ئاشناین بە بەشێکی ڕووداوەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین، ئەوەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ و تایبەتمەندی خۆی هەیەو کەسایەتیەکان تیایدا هەمەچەشن و جیاوازن.

هەر کاتێك لەمەڕ شارۆچکەی تەق تەقەوە باس لە راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری١٩٩١ بکرێ، ئەوە زنجیرەی ڕووداوەکان

بەبێ ناوهێنانی مەلا (ئەبوبەکر تەق تەقی) ناسراو بە(بەکر ئاوارە) بەشێك لەو بەسەرهات و ڕووداوانە بە نیوەچڵی جێ دەهێڵدرێ و شوێنی هەقیقەت و ڕاستەشەقامی خۆی ناگرێ.

وەکو ڕۆژنامەی (بەهرە) لە هەڤپەیڤین و دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ مامۆستای ناوبراو، لەدەرگای دەیەها پرسیارماندا سەبارەت بە ڕۆژە سەرەتاییەکانی ڕاپەڕین و ڕۆژەکانی تر کە کڵپەی هزری مقاوەمەت و بەرخودان بۆ کەرکوك و ناوچەکانی دیکە پەڕییەوە، بەرکوڵی باسان[1]:

**ڕۆژنامەی بەهرە: ئەگەر باس لە بەرایی ڕا پەڕین لە شارۆچکەی تەق تەق بکەن.**

**مەلا بەکر: مرۆڤ لەهەمبەر ڕاستیەکان دەبێ ڕاستگۆو هەقبێژبێ، خوای پەروەردگار ڕاستگۆیەو مرۆڤی ڕاستگۆی خۆش دەوێ، لەم ڕوانگەوە پێغەمبەری ڕابەرو تاجی سەرو شکۆی مرۆڤایەتی وتەیەکی جوانی هەیە، دەفەرموێ:** (الكلمةُ الطيبةِ صدقةٌ)[2]

واتە: قسەی خۆش، چاکەو سەدەقەیە.

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا، قسەی باش و چاکی بەدارێکی چاك و باش وەسف کردووە، وەکو دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ

[1] –دیمانە: بەختیار رەشید محەممەد.

[2] –رواه البخاري برقم/١٠٠٩

تَرَكَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ ﴾ إبراهيم: ٢٤

ئەگەر بڕوانینە مێژووی ڕەوای نەتەوەی کورد، دەبینین خەڵکی کوردستان بەدرێژایی مێژوو ستەمی لێکراوە، هەرکاتێ داوای سروشت و مافی خۆی کردبێ، سەرکوت کراوە، دەمکوت کراوەو بەزەبری ئازارو ئەشکەنجەو پیادەکردنی توندو تیژی، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانیان دامرکاندۆتەوەو هەر جارە لەژێر بیانوو و پاساوێکەوە بووبێ پەلاماری کوردیان داوە.

نەیارو قەستەرو داگیرکەران هەمیشە بۆ شێواندن و سڕینەوەی کلتووری ڕەسەنی کوردەواری لێی لەسەنگەر بوونەو ئەوەی بۆیان کرابێ بۆ لەباربردن و لەناوبردنی ناسنامەو شوناسی کوردی، بەتایبەت ڕژێمی بەعس درێغیان نەکردووە، لەکاتێکدا کوردبوونمان وەکو هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم هەسارەیە، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بڕیاری لەسەر دراوە کە من دەبێ بەکوردی قسە بکەم، ئەو بە فارسی یا عەرەبی و... هتد قسە بکات، ئەوەش ئەو دابەشبوون و تەقسیماتەیە کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بۆ یەکتر ناسین و لێك نزیك بوونەوەو دروستکردنی پردی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو تەواوی هۆزو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکانی دونیا:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣ ﴾ الحجرات: ١٣واتە: (ئەی خەڵكینە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێ دروست كردووەو كردوومانن بە چەندین هۆزو نەتەوەی جیا جیا تا یەكتر بناسن، باشترینتان لای خوا ئەو كەسە كە خۆپارێزو بەتەقوایە).

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین دڕندەترین هەڵمەت و شاڵاو بۆ سڕینەوەو قڕكردنی گەلی كورد، هەوڵەكانی بەعسیزم بوو كە بە كردەوە هەڵەبجەی كیمیاباران كردو ئەنجامەكەی بە تەختبوونی ئەو شارەو بەخشینی قوربانیەكی زۆر و شەهیدبوونی ٥هەزار كەسی سڤیل بەكۆتا هات، سەرەڕای بێسەرو شوێنكردنی نزیكەی ٥هەزار بارزانی لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی رابردوو و بێسەرو شوێنكردن و ئەنفالكردنی ١٨٢هەزار مرۆڤی بێ دەسەلأت كە تاوانیان تەنها هەڵگری شوناسی كوردبوون بوو، ئەوجا دەرهەق بەو تراژیدیایانە، نە جیهانی ئیسلامی، نە وڵاتانی رۆژئاوا، ئەوانەی بانگەشەی دیموكراسی و مافی مرۆڤ دەكەن، دەرهەق قەتل و عام و جینۆساید و ئەو رووداوانە بێدەنگیان هەڵبژارد، كەم تا زۆر سەركۆنەیان نەكرد.

مرۆ ڤ بە بیستنی ئەو نەهامەتیانە، هەست بە ئێش و ئازار دەکات.هەڵبەتە زوڵم ئەگەر لە ترۆپك و لوتکە دابێ، ئەوە بۆ لەناوچوون و دەمکوتکردنی، نە هێزو نەچەك، نە پارەو پوول دادی نادات و ریسوای مێژوو دەبێت.

ئەگەر خوای پەروەردگار بیەوێ دەسەلأتێك سەرەو ژوور بکات، فکرو ئەندێشەو مێشکی بەرپرسان سڕ دەکات کە چاویان هیچ نەبینێ و گوێ بەهیچ نەدەن.

بەعس کوێتی داگیر کرد، سەرباری هەوڵە نێودەوڵەتیەکان تا لەو ولأتە بکشێتەوە، کەچی هێزو سوپا زەبەلاحەکەی کە بۆ ئەو کات پێنجەم سوپا بوو لەسەر ئاستی جیهان، کەچی ئەوە لەخۆبایی کرد کە گوێ بۆ کەس نەگرێ و سەرەنجام کەوتە بەر رەحمەتی زەبری هاوپەیمانان تا لەو ولأتەیان دەرکردو سوپاکەیان تێکشکاند. ئەوەش بووە رێخۆشیەك تا لە١٩٩١/٣/١ خەڵکی شاری بەسرە لە باشووری عێراق خۆپیشاندانی جەماوەری بکەن و ئەو هەڵمەتەش کوردستانیشی گرتەوە.

شاری رانیە لە ١٩٩١/٣/٥ بووە دەروازەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری کە لەوێوە بەرەو شارەکانی تر چەخماخەی دا.

دوای ئازاد کردنی شاری کۆیە لە ١٩٩١/٣/٩ بۆ رۆژی دواتر شارۆچکەی تەق تەق کە بەعس ناوی نابوو(عەزیزیە) لە دام و

دەزگاكانی حزبی و حكومی و سەربازی ئەو سیستەمە دیكتاتۆریە پاككراوەیە.

**✡رۆژنامەی بەهرە: مامۆستا رۆڵی بەڕێزتان لەو ڕاپەڕینەی ئەم شارۆچكەیە مێژوویەكتان نەخشاندووە، كە هەمیشە بە شكۆو سەربەرزیەوە باس بكرێن، ئەگەر قسە لەسەر وردەكاریەكانی ئەو رۆژە بكەن؟**

✍مەلا بەكر: لە ١٩٩١/٣/١٠ سپێدەیەكی زۆر زوو، دوای نوێژی بەیان، وەك هەر رۆژێكی ئاسایی بەرەو ئەو كارە دەڕۆیشتم كە رۆژانە ئەنجامم دەدا، ئەویش داگرتنی ئەلەف بوو لە دەواجینی تەق تەق.

كاتێك بەتەنیشت منەزەمەی حزبی بەعس تێپەڕیم، كت و پڕ چاوم بە دوو سەیارەی لاندگرۆز كەوت، بەمشەوەشی بەناو بازار دەهاتن و دەچوون، پەشێویان پێوە دیار بوو. لەجێوە وەستام. یەك لە شۆفێری سەیارەكە بەتووڕەییەوە، بانگی كردم و پێی وتم: ئەوە بۆ وەستاوی؟

بەهەڵپەیەكەوە پێموت: من لە دەواجینی تەق تەق كرێكارم، چاوەڕوانی هاتنی سەیارە دەكەم.

بەم وەڵامە بێدەنگ بوو، بەرەو لای نەخۆشخانەكە رۆیشت.

هەر ئەو وەختە هەستم کرد نیەتیان ئەوەیە بەرەو سەربازگەی قەلأتە رابکەن، بۆیە بە هەلەداوان بەرەو فەرمانگەی کشتوکالٚی تەق تەق رۆیشتم بۆ ئەوەی بزانم چی روو دەدات! لە دوورەوە سەیری رووداوەکانم دەکرد، بینیم لەسەر پردەکە وەستان، دیاربوو لەچاوەڕوانی هاتنی سەیارەکەی دیکەدا بوون کە رەفیق (نەجاح)ی بەرپرسی منەزەمەی تێدابوو، هەروەها چاوەڕێی جاشەکانی بورهان هەورامیشیان دەکرد، کەچی ئەوان نەهاتن، بەمەیش دوای نیو کاتژمێر، کەوتنە جوولٚەو پەڕینەوە ئەوبەری پردەکەو چوونە سەربازگەی قەلأتە.

بەمەیش ڕێ و ڕێ بەرەو منەزەمەی حزبی بەعس گەڕامەوە کە لەو کاتە تەنها نەفەرێکی لێ بوو بەناوی (ق.ع) کە لەو شوێنە بەردەست بوو، پرسیاری (ج.ر)م لێی کرد.

(ق.ع) دەمە جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو، چەند مژێکی قوولٚی لێ دا، نەختێ سەری بادا، بەهێواشی ئەو شوێنەی بەرەو مالٚەوە بەجێ هێشت.

بەمەیش خۆم خزاندە منەزەمەو کەوتمە گەڕان و پشکنین، ١٣کلاشینکۆف کوبی لێ بوو.

ئەوەندەی نەبرد، کاتێ(ق.ع) هاتەوە، منی بەو شێوەیە بینی وا چوومەتە ناو بارەگای حزبەوە، بە پەرۆشەوە پرسی: ئەوە

لێرە چی دەکەی؟ ئامۆژگاریت دەکەم تۆ هەژاری بۆیە لێرە دوورکەوە با تووشی شتێك نەبیت.

خۆم لەگوورە نەبرد، بەهەڵپەیەکەوە پێموت: ئەو چەکانە چیە؟

وتی: ئەوە ئێوارە رەفیق (نەجاح) نزیکەی ١٠٠ چەکی داوەتە پۆلیس و کەسانی دەوروبەری ئەو منەزەمەیە، پێیوتم: ئەگەر هاتیەوە ئەو چەکانەمان بۆ بێنەوە، منیش نەمزانیوە ئەو خەڵکە چەکەکانیان هێناوەتەوە یان لێیان بەجێماوە.

بیٚ هیچ حیسابکردنیٚ بۆی، باوەشم بە چەکەکان داداو نیوەی چەکەکانم بردەوە ماڵ کە دایکم ئەو کاتە خەوتبوو.

ئەوجا خۆم گەیاندە لای عەزەددین نەجمەددین ئەحمەدو پێموت: ڕاپەڕینە، وەرە با بڕۆین، بەعسیەکان لە شار نەماون.

ئەویش وتی: نەختیٚ بوەستە تا خۆم دەگۆڕم.

دایکی عەزەددین بە پەرۆشەوە وتی: کوڕە ئاگاتان لەخۆتانبیٚ، بەخوا بتانگرن، ئەتانکوژن.

من و ئەو چووینە بازاڕ، کەس نەیدەزانی بەعسیەکان رایان کردووە، کاتیٚ خۆم گەیاندە ناو منەزەمە، بینیم چەکەکانی دیکە نەماون. رەسمێکی گەورەی (سەدام حوسێن) ی سەرۆك کۆماری عێراقم هێناو چوومەوە ناو بازاڕ، یەکەم کەس بووم بەبەر چاوی خەڵکیەوە توند وێنەکەم بەزەوی داداو بەدەنگێکی بەرز هاوارم دەکرد: بژی کوردو کوردستان، بڕۆخیٚ بەعس.

ئەوجا کەوتمە هوتافکێشان، هوتافی نیشتیمانیم دەوتەوە، دووبارە چوومەوە ناو منەزەمە، دۆلابەکانم شکاند،فایلەکانی ناویم هێناو هاتمەوە ناو بازاڕو جارێکی تر کەوتمەوە هوتافکێشان، کە لەو سەروبەندە هەندێ گەنج پەیدابوون، ئەفسووس ناوی هەموویانم لەبیر نیە، هەندێ لەوانە (فاخیر تاڵیب – فایەقی عومەر کادیر – ئەکرمی حاجی عەزیز– تاریق نادر– رەحمان سەیدە – جوامێر سوارە – نەوزاد مامەند – قارەمان سەلمان – شاخەوان عەلی مامۆکی –شەهید کەمالی کوێخا صالح و مام عەبدولرەزاق) هاوکار بوون، رووممان کردە دایەرەی شوڕتە، دەرگاکەمان شکاند، من تەلەفزیۆنەکەی ئەوێم هێناو چوومەوە بازاڕ، بەدەنگێکی بەرز هاوارم دەکرد: ڕاپەڕینە، بەعس قڕانە.

لەو کاتەدا حاجی حەمەزیاد لێم نزیك بۆوە، سەرزەنشتی کردم، وتی: کوڕی خۆم ئاگات لەخۆتبێ، دەتکوژن.

منیش لەجیاتی ساردبوونەوە، ئەوەندەی تر حەماس گرتمی، پەلاماری دایەرەی ئەمنماندا، بەلاّم هیچی لێ نەبوو تەنها یەك ئار پێچی (RBJ)نەبێت. لەوێوە رێی پردەکەمان گرتەبەر کە سەربازگەی قەلاّتە پڕی لە مغاویرو ئیستیخبارات بوو.

من لەپێشەوە دەڕۆیشتم، شەهیدکەمال و چەند کەسێکی دی لەگەڵمان هاتن، پەڕینەوە ئەوبەر، لای بابی نیزام–دەروازەی

سەرەکی– دوو سەربازی لیّ بوو، پەلاماری یەکێکیانمدا، چەکەکەیم لەدەست سەندو شەهید کەمالیش چەکەکەی لەویتر سەند.

به کەمالم وت: لەو سەربازە بپرسە کە لە ئێوارەوە (حەسەن حەمەزیاد)یان هێناوەتە ئێرەو گرتوویانە، بزانە چارەنووسی بەکویّ گەیشتووە؟

ئەویش بە هەر شێوەیەکبیّ، بابەتی حەسەنی تێگەیاند، لێی پرسی: کوا لەکوێیە؟

ئەویش بەترس و لەرزەوە وتی: کە بە برینداری گرترا، ئەمشەو جەماعەتی ئیستیخبارات لەگەڵ خۆیانیاندا بردیان.

منیش وتم: ڕاست ناکات، پێی بڵیّ با شوێنەکەیمان پیّ بڵیّ.

لەگەڵمان هات، بە دەستەکانی ئەو ژوورەی پیّ نیشاندایین کە لێی بەند کرابوو.

تەماشای ژوورەکەمان کرد جگە لە بەتانیەکی بەخوێن هیچی تری لیّ نەبوو. سەربازەکە وتی: لەناو ئەو بەتانیەدا بوو، ئەوان لەگەڵ خۆیان بردیان تا لە فەیلق بڵێن: شەڕمان کردووەو ئەوەشمان بە برینداری دەستگیر کردووە.

**✡رۆژنامەی بەهرە: ئەی چ کاتێك پێشمەرگە پەیدا بوو؟**

✍مەلا بەکر: دوای نزیکەی سیّ کاتژمێر، دەستەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە ســـەیارەیەکـــی لۆریەوە

دەركەوتن، دۆشكەی ١٤یان لەسەر دانابوو.

ئێمە سەرەتا وا گومانمان برد ئەوانە جاشوخۆفرشبن، بۆیە سەنگەرمان لیَ گرتن، لە ناوەڕاستی بازاڕ چووینە سەر ڕێیان تا ڕێیان لیَ بگرین و چەكیان بكەین. بەلاَم وتیان: ئێمە پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامین.

كاك عەبدولرەزاق صدیق وتی: دەی كەوایە لێیان گەڕێن با بڕۆن.

منیش پێموتن: ئەوانەی ناو مەعەسكەری قەلاَتە رایانكردووەو هەلاَتوون.

ئەوانیش بەرەو كەركوك رۆیشتن و بەرە بەری نیوەڕۆ پێشمەرگەكانی بەرەی كوردستانی هاتنە ناو شار ، لەو كەسانەی ئەو كاتە، كاك( نەوزادی كاكەڕەش – دلێر تەق تەقی – مەلا جەمال عەزیز بایز – عەلی عومەر قەساب – كاكە سوارە – عەریف جەمال – حەمە سیاسی – جەلالە سوور– سەرهەد كانی رەشی و...هتد) بارەگایان لە شوێنی منەزەمەی بەعس دانا.

**۞رۆژنامەی بەهرە: ئەو هەستەت بۆ ڕاپەڕین لەچیەوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

✍مەلا بەكر: رۆژانە چەندین سەعاتیَ گوێم لە ئێزگەی دەنگی

گەلی کوردستان دەگرت کە ئەو کاتە فەرهاد سەنگاوی، یەك لەهەرە بێژەرە بەئەزموون و سەرکەوتووەکان بوو، جۆش و خرۆشی بەهەمووان دەدات و لەولایشەوە ئێزگەی کوردستانی عێراق بە لێدانی سروودەکانی شڤان پەروەر هێندەی دیکە حەماسی لا دروست دەکردم.

**۞رۆژنامەی بەهرە: بۆ ئەو قۆناغە لە هیچ کام لە حزبە کوردستانیەکان تەنزیم بووی؟**

✍مەلا بەکر: نەخێر سەر بەهیچ حزب و لایەنێکی سیاسی نەبووم، تەنها گیانی کوردایەتی و پێش ئەنفالیش تێکەڵاویم لەگەڵ پێشمەرگە، پاڵنەربوون بۆ ئەو کارە، بەتایبەت ئامۆزاکانم، خزمانی گەرمك پێشمەرگە بوون، دایکم نانی بۆ دەکردن و بۆیانی دەبردە گوندەکانی(ئۆمەرگومەت – سێ کانی – سێگردکان – ئیلنجاغ – شێخ بزێنی).

**۞رۆژنامەی بەهرە: بۆ رۆژانی تر؟**

✍مەلا بەکر: بۆ رۆژی دووەم چووینە رێدار (ناحیەی شوان)، لەوێ لۆریەك و دوو ئیڤەی سەربازیمان پڕ لە چەك هێنا، لە رۆژی سێیەم کە جبەخانەی(دارەمان) گیرا کەشوێنی هەڵگرتنی چەکی جەیش بوو، لەوێ(١٠٠کلاشینکۆف و بڕنەو و سەمینۆف)مان هێنایە بارەگای بەرەی کوردستانی تەق تەق

كە كاك نەوزاد كاكەڕەش و مەلا جەمال و دلێر تەق تەقی لێ بوو.

لەم ئیشەدا بیرم لە حزبایەتی نەدەكردەوە، هەر جارە چەك و سەیارەم بۆ حزبێك دەبرد، بەڵام زیاتر تا ئازادكردنی كەركوك لەگەڵ رەحمان سیدە دەردەچووم و لەگەڵ عادل عەزیز تورك دەچووینە مەفرەقی شوان – كەركوك، لەوێ خۆبەخشانە نان و ئاومان بۆ پێشمەرگە دەبرد.

**✪رۆژنامەی بەهرە: كەواتە بەشداری ئازادكردنی كەركوكتان كردوە؟**

✍مەلا بەكر: لە رێكەوتی ٢٠و٢١ی ٣ی١٩٩١ لەگەڵ رەحمان سەیدە بەشەڕ چووینە ناو كەركوك، لە خەتی گۆڕستانەكەدا سوورەی ئەحمەد لەگەڵمان بوو.

گەڕەكی رەحیماوە[٣] بەئاسانی گیرا، بەڵام جەماعەتی منەزەمە، شوێنە بەرزەكانی لای ئۆرزدی ئابلۆقە دابوو، دوای شەوێ ئەوجا گیرا، بەهەمان شێوە لە منەزەمەی حەسیرەكەو ناو بازاڕی ئەحمەداغا لەدوو شوێن (ئینزیباتخانە و مەركەزەكە) وردە مقاوەمە هەبوو، ئەوانیش بۆ رۆژی دووەم ئازاد كران،

[٣] –لەگەڕەكی رەحیماوەدا رەفیق حزبیەكان بۆ شەوێكی تەواو بەرگرییان كرد، بەڵام دواجار هەموویان گیران و كوژران، لاشەكانیان لەسەر شەقامی سەركی رەحیماوا فڕێ درا.

تەنانەت لە ژێر پردی ڕەحیماوە تانکێکی سەربازی سوپا مقاوەمەی دەکرد، ئەویش بۆ ڕۆژی دواتر لەلایەن پێشمەرگەیەکەوە پلانی بۆ داڕشت، توانی سەربازەکان بکوژێ و تانکەکە بگرێ.

فەیلەقی یەکیش بەدوو ڕۆژ گیرا، لەوێ سەیارەی مەنشەئەیەکی زۆر دەستی بەسەر گیرا، دۆشکەو تۆپی سەد ملیمی و سەیارەی ئیڤای رووسی و جێب قیادەی تێدا بەجێما.

ئێمە سەیارەیەکمان گرتبوو، سەماعەمان پێوەی بەستابوو، هۆتافمان پێی دەکێشا. لەو هوتافانە:

بڕوخێ ڕژێمی بەعس.. یا کەرکوك و خانەقین – یا تا ماوین دەجەنگین.. هەروەها سروودەی ئەی شەهیدانمان دەوتەوە.

بەداخەوە لەو گەنجانەی لەگەڵمان بوون و گیانی پاکیان بەخشی: بایز ئۆمەرمەندانی –تاریق کونەگورگی و کوڕێکی تورکمان باغی بوو کە ناوەکەیم لەیاد نەماوە.

هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بدەم سەبارەت بە گرتووخانەکان، زانیاریمان هەبوو بەعسیەکان لە کەرکوك و دبس کوردیان زیندانی کردووە، وەلێ پێش ڕاپەڕین زۆربەی هەرە زۆریان بۆ (سەربازگەی خالید) گواستبۆوە، تەنانەت هەندێکیان ڕەوانەی تکریت کردبوو، لەوانە عەدنانی حاجی باقی کە ئێستا لە شاری سلێمانی دادوەرە لەگەڵ ڕائید تەحسین و شێرۆ خالوبازیانی.

**✪رۆژنامەی بەبەهرە: لەو ماوەیەدا ئەوانەی ئاشنایتیت لەگەڵی پەیدا کرد؟**

✍مەلا بەکر: زۆر بوون، لەوانە مامۆستا موحسین بایزو حەمەسوور، کە پرسیاری منیان کرد: خەڵکی کوێی؟ پێموتن: خەڵکی تەق تەقم.

مامۆستا موحسین بایز بەخۆشحاڵیەوە وتی: حەز دەکەم پەیوەندیم پێوە بکەی، من لە چوارقوڕنەو رانیە لەبارەگای حزبی سۆسیالیستی کوردستان دادەنیشم، لە دەرفەتێکدا حەز دەکەم بتبەمە لای دکتۆر مەحمود عوسمان سەرۆکی بەرەی کوردستانی. منیش رازیبوونی خۆم بۆ ئەو دیدارە نیشاندا.

**✪رۆژنامەی بەهرە:خۆشترین کات ، ناخۆشترین کات بۆ ئەو قۆناغە کەی بوو؟**

✍مەلا بەکر: خۆشترین کات ٢١ی٣ی١٩٩١ شاری کەرکوك بەتەواوی ئازاد کرا، هەرچەندە وردە شەڕ هێشتا لە سەربازگەی خالید مابوو، وەلێ لە داگیرکردنی فەیلەقی یەکی کەرکوك وەکو شانازییەك بۆ ئەو قۆناغە، قوات خاسە دوای شەو و رۆژێ مقاوەمەت، هەموویان رایانکرد، نزیکەی بیست و هەشت کەسیان لێ بەدیل و کوژرا، ئەمەو لەگەڕان و سووڕانمان بۆ ئەو شوێنە، دوو جبەخانەی چەکمان دۆزییەوە لەگەڵ هەموو ئەو فایل و ئەولەویاتەی ئیستیخبارات و یازدە جیهازی راکال و دوو

سندووقی پڕ لە دەمانچەی جۆری(تارق) کە لەجیاتی خۆ دەوڵەندکردن و ئاودیوکردن و شاردنەوەی، بە ئەمانەتەوە رادەستی بەرەی کوردستانی ئەو کاتەمان کرد.

ناخۆشترین کاتیش ئەو کاتە بوو هێزی تایبەت لەرێگەی کەرکوك/ هەولێر– کەرکوك /چەمچەماڵ، موجاهیدینی خەلقی ئێرانی لە رێی کەرکوك – دووز شەڕیان کرد، سوپای عێراق پەلاماری کەرکوکی دا، ئێوارەیەکیان تۆپبارانی ئەو سنوورەی کرد، دواتر بە شەش هەلیکۆپتەرەوە کەوتنە بۆمبارانکردنی ئەو سنوورە، بەمەیش توانای بەرگری پێشمەرگە کەم بۆوە، هێزی مغاویرو موجاهیدینی خەلقی ئێران گەڕانەوە کەرکوك کە بەداخەوە لەنێو سیمەکەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کاك عەبدولرزاق شەهید بوو، تەنانەت هەر لەو خەڵکە تێکۆشەرو قارەمانانە، لە خەتی دووز پۆلێ پێشمەرگە بوونە قوربانی، لەوانە ١٢پێشمەرگەی حزبی شیوعی و ٦پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان و ٤ پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کورستان ، سەرەڕای ئەوەی لەنەخۆشخانەی ئازادی بریندارێکی زۆر بەجێمان و هەموویان شەهید بوون.

ئەوەی جێی ئاماژەپێدانبێ کەم تا زۆر لەو کەسە دیارانەی رۆڵی بەرچاویان لە راپەڕینی کەرکوك بینی: (جەلیل ئەحمەد ناسراو بە کاکەسوور – قارەمان سەلمان – دەلیل جەلیل – نەوزاد

بانەگولانی – فواد حەمەصالح گەرمكی – محەمەد حەمە صالح گەرمكی – عەزەددین نەجمەددین ئەحمەد – تاریق كونەگورگی – مەلا حەكیم – سووره عومەر قەساب – رەحمان سەیدە– قوباد تەق تەقی –مام یحیا كۆیی– شاخەوان عەلی مامۆكی – ئەسوەد شەگێڕی– جەلالە سوور– سەرهەد كانی رەشی – فریاد قەسرۆكی– نەهرۆ قەسرۆكی و...هتد)

كاتێك گەڕامەوە تەق تەق بە فەرمانی كاك نەووزادی كاكەرەش لەسەر گردی كارەبا، كرامە عەدەد دۆشكە كە دوای تێپەڕبوونی هەشت رۆژ، حكومەتی ناوەندی گەڕایەوە ئەو سنوورەو كۆچڕەوی ملیۆنی بەرەو سنووری ولأتان دەستی پێكرد، منیش یەك لەوانە بووم بەرەو كوردستانی رۆژهەلأت و بۆ ماوەی پازدە رۆژ لە خانێ و مەهاباد مامەوە.

**۞رۆژنامەی بەهرە: بابەتی ئەو دەمانچە چواردەخۆریە چیە كە زۆر جار باس دەكرێ؟ هەر بەراستی ئەو دەمانچەت وەرگرتووە؟ هۆكاری دەستگیركردنت چی بوو؟**

✍مەلا بەكر: بەڵێ وایە، لەلایەن ڕابەر سیاسی هەرێمی حزبی سۆسیالیستەوە منیان راسپارد لە تەق تەق ئیستیخباراتێك هەیە بچم بیكوژم.

منیش بەلاڕێ و چیاو چۆڵ، بە دەشتایی هاتمەوە تەق تەق، بە پرسیار ئیستیخباراتەكەم دۆزییەوە كە رۆژانە دەهاتە ناو بازاڕ

لە چایخانە دادەنیشت، ئەوەی لەو کابرایەم خوێندبۆوە، راستە سەر بە بەعس بوو، بەڵام هیچ خراپەیەکی ئەوتۆی نەبوو، منیش دەستم لە کوشتنی هەڵگرت.رۆژێکیان عەبدولرەزاق تاڵەبانی پێیوتم: خوارزا، ئەگەر بەقسەم دەکەی، ئەو دەمانچەت بشارەوە، ها بزانە ئەوە گیرایت و سورگومت دەکەن. منیش بێ باکانە پێموت: من بەئیشی سەرکردایەتی هاتووم، دەزانم چی دەکەم!.

نازانم چۆن موخبیری کرابووم ، رۆژێکیان بەبێ دەمانچە هاتمە دەرەوە، لە ڕاست دوکانی گۆشتفرۆشاندا، ئەوەندەم زانی سەیارەیەکی جێب قیادە رایگرت کە چوار ئینزیباتی تێدا بوو، بەهەلەداوان دابەزین و پەلاماریاندام، بەقۆڵبەستراوی و چاوی بەستراوەوە منیان بردە مەعەسکەری قەڵاتە کە نەقیب شەهاب لای عەمید محەمەد بەرپرسی ئیستیخبارات بوو، کاتێ چاویان کردمەوە، گەلێ ترسام بمکوژێ، ئەوەش هەقیقەتێکە نکۆڵی لێ ناکرێ، بەڵام ئەوەی بۆ من بووە سێبووری و ئارامی دڵان، بوونی مەلا تەڵوبی عەبد جاسم بوو، کە منی لەوێ بینی ئەوە نەقیب شەهاب دەستی هەڕەشەم لێ رادەشەقێنێ و بە

حیرسەوە دەڵێت: زانیاریمان تەواومان هەیە تۆ خۆپیشاندانت کردووە.

منیش بە هێمنی رووم کردە مەلا تەڵوب و وتم: مامۆستا مەلا تەڵوب خزمە.

ئەویش کەوتە بەرگریکردن و پاساو بۆ هێنانەوەم، بەزمانێکی پڕ لەدەم و دووەوە وتی: من ئەوە دەناسم کوڕی پیاوێکی هەژارە، خۆشی نەفام و نەزانە، شێتە، من کەفیلی دەکەم هیچ شتێ لەسەر موزاهەرەوخۆپیشاندان نازانێ چیە؟ دەی هەستە بڕۆوە.

چونکەمەلا تەڵوب کەسایەتیەکی دیاری ئەو شارە بوو، گەورەو بچووك حسابیان بۆی دەکرد، ئیستیخباراتە کە لەبەر خاتر ئەو، منی ئازاد کردو هێنامیانەوە تەق تەق.

**رۆژنامەی بەهرە: دەوترێ دوای راپەڕین لەشەڕی کەرکوك چاوت بە رەفیق (نەجاح) کەوتووە؟**

✍مەلا بەکر: بەڵێ وایە، رۆژێکیان برادەرێ بەناوی (ح.هـ) هاتە لام، وتی: رەفیق نەجاح سلاوی بۆت هەیە، حەز دەکا بتبینێ. منیش لەبەر دایك و براکەم کە لە تەق تەق بوون، ناچار بەو داوایە رازی بووم، لەگەڵی چوومە لای، سەلامم

لێی کرد، ئەویش بە ڕوویەکی خۆشەوە سەلامەکەی لێ وەرگرتمەوە، ئەوجا وتی: تۆ کوڕێکی باشی، بۆیە لەدوام ناردووی دەمەوێ ناسنامەی ئیشتیراکیم بۆ بێنیەوە زۆرم پێویست پێیەتی، چونکە حزب پێی وایە من هەڵاتوم و شەڕم نەکردووە، هەموو چەك و ماڵەکەم بۆ تۆ، تەنها ئەو هەویەم بۆ بێنەوە، من دەزانم تۆ ڕاپەڕینت کردووەو هەر خۆم هەموو چەکەکانم دابەشی سەر ئەوانە کرد کە ماڵیان لێرەوە نزیك بوو بەڵام ناپاکیان کرد، من تۆ ناگرم، بەڵام ناسنامەکەم بۆ بێنەوە. منیش بە بڕوایەکی پتەوەوە وتم: بەشاهێدی هەموو خەڵکی ئەم شارە من نەچوومەتە سەر ماڵی تۆ، بەڵام ئەوە ناشارمەوە لەمنەزەمەو مەعسکەری قەڵاتە چەکم بردووەو درۆت لەگەڵ ناکەم نازانم ناسنامەی تۆ لەکوێیە، بەڵام بەڵێنبێ دەگەڕێم و پرسیارت بۆ دەکەم بزانم لای کێیە، بۆتی دەگەڕێنمەوە. ئیتر ڕێی دا ئەوێ بەجێ بێڵم و لەو شوێنە ڕۆیشتم، کە شەو داهات بەپێیان چوومەوە سنووری ڕانیەو تا ئەوان لەو شارۆچکەیە بوون، جارێکی تر بۆی نەگەڕامەوە، لەوێ لای مەحمود عوسمان سۆرانی لە حزبی سۆسیالیست بوومە پێشمەرگە.



# پرۆفایل:

-ئەبوبەکر عەبدولاً سەعید مەلا سەلێمان.

-لە١٩٧١/٧/١ لە گەڕەکی تەق تەقی کۆن چاوی بەدونیا هەلێناوە.

-خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لە تەق تەق و ئامادەیی لە سلێمانی و پەیمانگاو زانکۆی لەهەولێر تەواو کردووە.

-بەڕێوەبەری رێکخراوی (ئادەم)ە بۆ هاوکاری مرۆیی.

-هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە (اصول فقه) و پێش نوێژو وتارخوێنە لە گوندی گەرمکی تەق تەق.

-وەك سەرپەرشتیاری ئایینی، دوو جار سەفەری حەجی کردووە.

-دایکی ناوی (کافیە حەمەد صۆفی کەریم مامۆك )ە و خێزانەکەی ناوی (تریفە فاروق مەحمود)ەو خاوەنی حەوت منداڵە بەناوەکانی (هەلۆ-شاهۆ - ئاکۆ- عەبدولاً- ئادەم - ئالا - سارا).

# بەشی دووەم

# ڕاپەڕین لە دیدی شایە تحاڵەکانەوە

## ڕاپەڕینی تەق تەق لە دیدی شایەتحاڵەکانەوە

**مامۆستا( جوامێر سوارە رەحمان ):**

## بەتەباشیر دروشمی دژبە رژێممان لە دیواری قوتابخانەکان دەنووسی



لە هەڤپەیڤینێکدا رایگەیاند:

ئەگەر بۆ مێژووی پێش ڕاپەڕین بگەڕێینەوە، من وەکو خودی خۆم شەوانە پێشمەرگەی گیانلەسەر دەستم دەبینی چۆن لەزێی تەق تەق دەپەڕینەوە، لەماڵی (مشیر رەحمان ئاغا) دەمانەوە، لەوێ خواردنیان پێ دەدراو هەر لەوێوە دەستیان بە ئەنجامدانی جم و جۆڵ و چالاکی دەکرد کە بەهاوکاری سەلمان رەحمان پوستەر و دروشمیان لە ئەستوون و دەرگای قوتابخانەکان هەڵدەواسی.

ماڵی (مشیر رەحمان ئاغا) بۆئەو وەختە وەکو کاروانسەرا بوو، وەکو بارەگایەکی تایبەت و نهێنی پێشمەرگە بوو، بەکلۆجێ بۆ

پەڕینەوەی خەڵك لەكات و ساتی ئەنفال و خەڵكە هەڵاتوەكان، بووبووە شوێنی داڵدەدان و لەماڵی خۆی دەیشاردنەوە و دواتر ڕێنموونی دەكردن چۆن خۆیان بشارنەوە.

كاتێكیش بەعس بەم زانیاریە دەزانیێ، دەستگیری دەكەن، وەلیێ لەلایەن خێرخوازێكەوە ئازاد دەكریێ.

قارەمان سەلمان زوو زوو نووسراوی نهێنی ناو شارو جموجۆڵەكانی بۆ شەهید (باوەددین ئەحمەد و سەیفەددین مەعروف) دەبرد كە ئەو كاتە لە دەرەوە، لە لادێكان پێشمەرگە بوون. بۆیە:

ئەگەر باس لە رۆڵی خۆیشمان بكەین وەك بابەتێكی مێژوویی،ئەوە لەكاتی ئەنفالەكەدا رەتلێكی سەربازی رژێم لەتەق تەقەوە دەردەچوون، كۆمەڵێ هاوڕێم لەگەڵ خۆم بردن كە بریتی بوون لە(پەیوەند خدر – دەروێش مەعروف – ئەحمەد خالید – جەنگی مشیر– ئەحمەد شەریف) لەسەر جادەی پاركی سایە(كەولیێ مەلا) بۆ رێگری لە دواخستنی ئەو رۆیشتنەی سوپا، بە بەرد جادەكەمان گرت، دواتر چووینە سەر گردەكەی ئەو دەوروبەرەو لە بانە رەقەوە بەردو شاخی گەورەمان بۆیان هەڵدەداو دواتر هەر بەراكردن بەلای دۆڵی ئاوەزا بۆی دەردەچووین.

جگە لەم کارەی سەرەوە، زۆر جار  من و رۆستەم رەسول و مەلا ئەبوبەکرو فواد سالح بەتەباشیر لە سەر پارك و دیواری قوتابخانەکان دروشمی دژ بە رژێممان دەنووسی کە زوو ڕەش دەکرایەوە، تەنانەت کتێب و کاسێتی سیاسی دژ بە رژێم لای رۆستەم رەسول حەمە شەریف دەست دەکەوت.

خودی خۆم هۆنراوەیەکم بۆ منالأن هۆنیبۆوە، کاك (هابیل عومەر ئەسعەد) کردبوویە گۆرانی و مێرمندالأن دەیانوتەوە.

سەبارەت بە ڕاپەڕین وەك شایەتحالێك بۆ ئەو قۆناغە، بەحوکمی ئەوەی ماڵمان لە منەزەمەی بەعسیەکانەوە نزیك بوو، بۆ مێژوو گەواهی ئەوە دەدەم یەکەم کەس کڵپەی راپەڕینی لە شارەکەمان هەڵگیرساندو بووە خاڵی وەرچەرخان بۆ راپەڕینێکی فراوان، مامۆستا مەلا ئەبوبەکر ناسراو بە (بەکر ئاوارە) بوو کە ئێستا مامۆستایەکی ئایینی بەڕێزە.

ناوبراو پاش هەڵکوتانە سەر بینایەی بارەگای بەعس، بەهەموو تین و تاوێکەوە هاواری دەکرد:( بڕوخێ بەعسی ئەفلەقی).

 ئەو هۆتافانە بۆ ئان و ساتێکی ئاوا ناسك و هەستیار، هەموو ترس و بیمێکی ئەو خەڵکەی رەواندەوە، وایلێکردین ئێمەیش بێینە مەیدان و کۆ ببینەوە، رووە قەلأتە بڕۆین کە تەنها دوو سەرباز مابۆوە، ئەوانیش بەدیل گیران و  رێزیان لێگیرا.

لێرەدا ئەوەی جێی ئاماژە پێدانە، مامۆستا بەکر بە هاوکاری لەگەڵ جەوهەر رەحمان ئاغا، چەکەکانی ناو منەزەمەیان هێناو ڕادەستی خەڵکە دڵسۆزەکەیان کرد و سەرجەم دۆسیەکانی بەعس بەردەست کەوت، داخەکەم لەجیاتی پاراستنی ئەو دۆسیە گرنگانە، هەموویان سوتاندو لەناو بران.

هەڵبەتە لەم سەرهەڵدان و بەرخودانەدا مامۆستا جەبار سوارەو مامۆستا خۆشەوی پاڵپشت و پشتیوانیەکی باشی ڕاپەڕین بوون، کە دواتر محەمەد فارس و فاخیرو قارەمان سەلمان و ئومێد حەمەدەمین و نەوزاد بانەگوڵانی و فواد ساڵح و جەوهەر ئەنوەر و بەندە لەپێشینەی ئەو کەسانە بوون، هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکان.

تەنانەت سەرباز حەمیدو قارەمان سەلمان و دەروێش مەعروف لەو جوامێرو تێکۆشەرانە بوون کە لەبەرایی ئەو کەڕنەڤاڵەدا هەڵیان کوتایە سەر قەڵاتە.

لێرەدا نابێ رۆڵی (جەلیل ئەحمەد تەق تەقی) ناسراو بە (کاکەسوور) نادیدە بگیرێ، توانی تەواوی دام و دەزگاکانی ئەم شارۆچکەیە لە تاڵان و برۆو فەرهود بپارێزێ بەتایبەت قوتابخانەکانی شار.

بۆیە بەو شەو و رۆژەدا ڕاپەڕین بە بەخشینی گیانی(حەسەن حەمەزیاد) نەخشا.

شار لەبەعس پاککراوە،  بەلاَم هێشتا هیچ حزبێکی کوردستانی نەهاتبوونە ناو شار، تەنها ئەوە نەبیٚ هێزێکی بزوتنەوەی ئیسلامی بەناوی (هێزی حەسەن بەننا) دەمەو نیوەڕۆ دەرکەوتن و لەلایەن خەڵکی شارەکەوە پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا.

بۆ ڕۆژی دواتر هەریەکە لەبەڕێزان (شەهید سەیفەددین و محەمەد سیاسی و نەوزاد کاکەرەش و نیاز کاکەرەش و جەمال حەمەددەمین)م بەرچاو کەوت کە بە چەکەوە هاتنەوە ناو شار.

* * *

## کاکەسوار سەعید مستەفا:
## راپەڕین راگوزەری قۆناغێك بوو لە زوڵمەوە بۆ ئازادی کوردستان



لەکاتێکدا من و دەروێش مستەفا ساڵح و سابیر حاجی حەسەن خدرانی، لەناو بازاڕ دەسووڕاینەوە، لەلایەن کوێخا حەوێزی مەلا زیاد ئاگادار کراینەوە بەزوویی خۆمان بشارینەوە، چونکە سیخوڕەکان خەبەریان لێداوین.

ئێمەیش دوای خۆ شاردنەوە، کە دنیا تاریك داهات، بە شەو لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیست، لەوانە کاك (سدیقی کوێخا تەها کانی کوردەیی) ناسراو بە (حەمەسوور) بەرەو بیتوین بەڕێ کەوتین. کەچی زانیاریمان پێ گەیشت لە٩/٣/١٩٩١ کۆیە ئازاد کراوە، بۆیە لە یەکەم رۆژی ڕاپەڕینی ئەو شارەدا لەگەڵ هەرێمی ١٥ی شەهید دکتۆر خالید کە حەمەسوور ئامر هەرێم و عەزیز بایز بەرپرسی کەرت بوو،

گەڕاینەوە، وەلیٚ لەلایەن گەنجە خوێن گەرمەكانی شارەوە دام و دەزگاكان پاككرابوونەوە، لەو كەسانەی رۆڵیان هەبوو: مەلا بەكری لەمەڕ خۆمان(مەبەستم مامۆستا مەلا ئەبوبەكر تەق تەقی) و جوامێر سوارەو فاخیر تالیب و خەسرەو عوبێد بوو.

ئەمەو لە شەڕی ئازادكردنی شاری كەركوك، سەیارەیەكی جێب لاندگرۆزی مۆدیل حەفتاو پێنجم لا بوو، نزیكەی بیست پێشمەرگەی سۆسیالیستم بەرە (دارەمان) برد كە لەو دەڤەرە جبەخانەی سەرەكی سەربازی سوپای عێراق بوو، دارەمان گیرا، چووینە ناو قەلاكەو پاشان بەرەو كەركووك رۆیشتین، لەوێش ئەوەی بۆمان كرا توانیمان بەشداری دیارو بەرچاومان لە ئازادكردنی هەبێت.

* * *

## فەرەیدون عەبدوڵا:
## براکەم چەك و تەقەمەنیەکی زۆری هێنا، پێشکەشی بەرەی کوردستانی کرد



(مەلا ئەبوبەکر)ی برام کەسێکی تا بڵێی خاکەڕاو خاکی یە، کاتی خۆی بۆ سەردەمی گەنجیەتی، کلێتەی لەسەر دەکرد، پووزەوانەی لەپێ دەکردو هەمیشە خەنجەری لەبەر پشت بوو، تەنانەت کە لە قوتابخانە دەیخوێند، شیعری سیاسی لەسەر کورد دەنووسی، گوێی لە ئێزگە کوردیەکانی شاخ دەگرت، زۆر بڕوادارو خواناس بوو، لەمنداڵیەوە نوێژی دەکردو زۆری حەز لە مەلەوانی بوو، لەگەڵ (کافیە حەمەد صۆفی کەریم)ی دایکی بەیەکەوە نانیان بۆ پێشمەرگە لە سنووری (کانی لەلەو ئۆمەرگومەت و ئیلنجاغ و کونەگورگ و سێ کانی) دەبرد.

ئەو بەیانەی راپەرینی تێدا ئەنجام درا، مەلای برام ١٣کلاشینکۆڤ کوبی و فایلەکانی بەعسی هێنایەوە ماڵ و دایکم هەموو ئەوانەی شاردنەوە چونکە وای دەزانی بەعسیەکان دێنەوە، کێشەیان بۆ دروست دەبێ.

دەمەو رۆژهەلأت لەگەڵ عەزەدینی دراوسێماندا بینیم لەناو بازاڕ دەسوڕاوە، بەدەنگی بەرز هوتاڤ دەکێشا: بڕوخی بەعس.. بەعس قڕانە.. بژی کورد بژی کوردستان.. دەی خەڵکینە ڕاپەڕن، بەرەو کەرکوك بڕۆن.

دوای دەستگیرکردنی دوو سەربازەکەی قەلأتە، بە حورمەوتەوە هێنایە ماڵ و ڕێزێکی زۆری گرتن، پاشان رەوانەی زیدی خۆیانی کردنەوە.

مەلا بەکر لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرا، تەنانەت لەلایەن خودی کاك (نەوزادی کاکەرەش) کلاشینکۆفێکی سینی بەدیاری پێشکەش کردو کاك حەمە سووریش دەمانچەیەکی شازدەخۆری بەدیاری پێ داو مامەی مام یەحیاش قات و تاقمێکی شەیالی پێ دا.

دەستکەوتەکانی ئەو برایەم بەتایبەت لە شەڕی دەستەو یەخەی کەرکوکدا زۆر بوون، نزیکەی پێنج سەد کلاشینکۆف و سەیارەو تەقەمەنی هێنا، بەلأم لەروانگەی کوردایەتیەوە هەمووی

پێشکەشی بەرەی کوردستانی کرد و جارێکیش بەسووکی بریندار بوو.

بنەماڵەی ئێمە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دا رۆڵی بەرچاوی هەبووە. تەنانەت لەشۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید، باپیرم (حاجی سەعید) لە گوندی گەرمکەوە چووەتە لای شێخ مەحمودو بۆ پشتیوانی ئەو شۆڕشە کۆمبارو ڕایەخی لبادی بۆ بردووە لەگەڵ توورەگەیەکی بەخوری دروستکراو.

هەروەها دەرهەق بەو پاڵپشت و پشتیوانیە، لە نۆژەندا شێخ مەحمود بڕنەوێکی رەقم ١٧ی بەدیاری دەداتێ و عەبدولای کوڕی دەکاتە پیاوی ناو دیوەخانی تەکیەی شێخ، بەداخەوە لە تالاَن و بڕۆی حەرەس قەمی[٤] بڕنەوەکەی فەوتا.

[٤] –حەرەس قەومی: پێکهاتەیەکی عەشایەری خێڵەکی عەرەبەکانی سنووری حەویجەو موسڵ و خانەقین و مەخمورو سنوورەکانی هاوسێی کورد بوو کە لە ژێر فەرمان و رکێفی حزبی بەعسی شۆڤێنی عەرەبی ئیشتراکی دا رێکەوتنی نێوان سوپاو هێزی عەشایەر بوو تا هێرش و پەلاماری شارو شارۆچکەو لادێکانی کوردستان بدەن لە ژێر دروشمی( ماڵ بۆ عەشایەری عەرەبی و سەر بۆ سوپاو حکومەت).

ئەوە بوو لەساڵی ١٩٦٣ هێرشی دڕندانەیان دەست پێکرد، کەوتنە خاپوورو وێرانکردنی لادێکان و لەو پەلامارەیاندا هەرچییەکی بەردەستیان بکەوتایە لە ئاژەڵ و دانەوێڵەو بەروبوومی کشتوکاڵی و کەل و پەلی ناو ماڵ، بەتالاَن دەیانبرد و خەڵکێکی زۆریشیان کوشتن، لەو خەڵکانەی بەرگریان کردو

(سوار رەحمان عەبدوللاَ– خالد وەلی مستەفا – سەعید مستەفا وەهاب) لەو کەسانە بوون لە سەردەمی حەرسی قەمی زیندانی کران .

هەڵبەتە لەخەتی تەق تەق، لەرێی کەرکوك شوانەوە بەرەو کۆیە هاتن، گەمارۆی شارۆچکەی تەق تەقیان دا و گوندەکانی دەوروبەرو خەڵکی شار پەنایان بردە دەرەوەی شار.

وەك کاك نەوزادی کاکەڕەش ئاماژەی پێداوە: ( لەناو تەق تەق پەلاماری ماڵی "مام کاکەڕەش" دەدەن و هەرچی ئاژەڵێکیان هەبوو لە مانگاو گاو گۆلك و وردەواڵەی ماڵ و دەغڵ و دان، هەموویان بەتاڵان دەبەن و دواشت خانووەکەیان دەسووتێنن).

لە گوندی گەرمك بەرگرییان کرد و کوێخا ساڵح بەرەنگاریان بوونەوە، بەلاّم خۆیان بۆ نەگیراو سەرەنجام شکستیان هێنا و کاك عومەر بووە یەکەم شەهیدی ئەو گوندە چونکە حەرەس قەومی چەکی پێشکەوتوویان پێ بوو، مقاوەمە بەچەکی کۆن و کەمی چەك، کارێکی ئەستەم و زەحمەت بوو، بۆیە هەر لەو شالاّوە بەدناوەیاندا لەماوەی دە رۆژدا لە گۆڕقەرەج زیاتر لە پێنج سەد سەر مەڕو بزن و مانگایان فەرهوود کرد. وەلێ لە گوندی کونە گورەك بەجوامێری خەڵکەکەو لەناویاندا کاك ئەحمەدی حاجی خورشید روو بەروویان بوونەوە، کەسێکی لێ بریندار کردن و یەکێکی دیکەیان لێ کوشتن، بەمەیش بەریان لەو پێشڕەویە گرت کە نەتوانن چیتر بێنە پێش و گوندەکەیان تالاّن بکەن.

هەروەها لەسەردەمی (عەبدولسەلام عارف) جارێکی دیکە پەلاماری تەق تەق دەدەن و دەست بە تالاّن و بڕۆ دەکەن و ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی گرتنی تەق تەق لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، دوای پاشەکشەی پێشمەرگەو هاتنەوەی سوپای عێراق بۆ ئەو شارۆچکەیە، بەپاساوی پشتگیری و رێنیشاندەر وچاوساغی بۆ پێشمەرگە، ماڵی چەند کەسێك دیاری کرا لەوانە ماڵی مام کاکەڕەش و کوڕەکانی و ماڵی بەکر شریف و لە ئەنجامدا

هەروەها لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول دا هەردوو باپیرانم ، باپیری باوکم حاجی سەعید کە کوڕەکانی بریتی بوو لە (محەمەد– عەبدوللاّ – عەبدولقادر – عەبدولرەحمان) ببوونە هێزی پشتیوانی و پشتگیری سەر بەناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان و باپیری دایکیشم کە کورەکانی بریتی بوو لە (عەلی – ئەحمەد – یاسین– فەتاح – فەتحولاّ) لە بەتالیۆنی عەلی شەعبان دا، فەتاح لە هەرتەل لەشەڕێکی دەستەو یەخە لەگەڵ سوپای ئەوسای عێراق، بە سەختی بریندار دەبێ و (مەردان رەشید)ی ئامۆزایشی هەر لەو شەڕە دەچێتە کاروانی نەمران و شەهید دەبێ .

عەبدولاّی باوکم کەسێکی ئیماندارو کاسبکار بوو، حەزی بەسەرکەوتنی شۆڕشی کورد بوو، دەروێشی شێخەکان بوو، لە شۆڕشی ئەیلول بۆ ماوەی شەش مانگ بەهۆی گومان لەسەر هاوکاری پێشمەرگە، لەلایەن بەعسەوە بەند دەکرا.

هەروەها لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەگەڵ ڕشتنی مەلاریا کە دەرمانی

---

خانووەکانیان تەخت کراو بڕیاری چۆلکردنی ئەو شارە درا کە بۆئۆردوگا زۆرەملێکانی هەولێر بگوازرێتەوە، بەلاّم بڕیارەکە جێ بەجێ نەکرا.

دەگرتەوەو فەرمانبەری حکومی بوو، دەچووە گوندەکان، لەوەشدا کەل و پەلی بۆ پێشمەرگە دەبرد.

جارێکیان لە گوندی باغەجنێر لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو سنوورە کۆدەبێتەوە، لەگەڕانەوەی بۆ تەق تەق خەبەری لێ دەدەن، بۆیە راستەوخۆ دەستگیر دەکرێ و بۆ دایەرەی ئیستیخباراتی کەرکووکی دەگوازنەوە، کە دوای دوو مانگ مانەوە، ئەوجا ئازاد دەکرێ، بەلاّم بەهۆی سزادان و ئەشکەنجەدانێکی زۆرەوە تووشی نەخۆشی دێ و هەر بەو هۆیەوە وەفات دەکات. تەنانەت جارێکیان لەنێوانی کۆیەو تەق تەق، ڕێ لە حەمەی صۆفی کەریمی باپیرم دەگرن، ئەویش پێیان دەڵێ: تکا دەکەم وازم لێبێنن، من چەکدارم، با هیچ لەنێوانمان نەقەومێ.

بەلاّم هەر وازی لێ نـاهێنن، دەیـــــانەوێ دەستگیری بکەن، سەرەنجام لێیان دادەڕسێ و تەقە لەنێوانیان دەست پێ دەکات، یەك لەوان دەکوژێ و بۆی دەردەچێ و دەگەڕێتەوە (تاڵەبانی گەورە).

دەرهەق بەو رووداوە، لە بەغداوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێ و لەو سەردەمە شوێن پێ هەڵگر هەبوو، مام عەلی خەڵکی شیواشۆك بوو، لەگەڵ هەندێ چەکدار بەگوێرەی شوێن هەڵگرتنەکە دەچنە سەر ماڵیان، بەلاّم شێخ جەنگی هەر زوو

بەماڵەوەیان دەڵێ: دەی تا هیچ رووی نەداوە، ئەو گوێدرێژە بگۆڕن بە گوێدرێژێکی تر، چونکە ئەوگوێدرێژە تووتنی لەسەر پشت بووە، بەمەیش یان بۆنی دێ یا تۆزی بەسەرەوە دەمێنێ، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە تووتنەکە لەسەر پشتی ئەوگوێدرێژە بووە، بەمەیش دەستگیرت دەکەن.

هەر ئەو وەختە گوێدرێژەکە بە گوێدرێژێکی دیکە دەگۆڕن بە گوێدرێژێکی دیکە. کاتێك شوێنهەڵگرو دارودەستەی رژێم دەگەنە جێ و هیچ شوێنەوارێ لەسەر پشتی گوێدرێژە تازەکە بەدی ناکەن.

شێخ جەنگی پێیان دەڵێ: ئێوە بەهەڵە هاتوونەتە ئێرە، بزانە کێ ئەم کارەی کردووە ! ئەو کابرایە نیە.

ئەوجا هەر لەجێوە دەست دەنێتە باخەڵی و بڕە پارەیەکیان پێ دەدات و بۆ بەغدایان دەنێرێتەوە.

حەمە سۆفی باپیرم لەماڵی کاکەزیادی کۆیە چاوی بە مەلا مستەفای بارزان و جەلال تالەبانی و دکتۆر مەحمود کەوتووە.

مەلا مستەفای بارزانی پێی وتوە: ئێوە هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانی شۆڕش و پێشمەرگە بوونە... سوپاسی ئەو هەڵوێستەی دەکات.

## عزەددین نەجم ئەحمەد :
## کەس لە خەیاڵی ڕاپەڕین نەبوو..ڕاپەڕین ڕووی دا



بەیانیەکی زوو، من و کاك ئەبوبەکر عەبدولاّ چووینە بازاڕ، کەس لە خەیاڵی راپەڕین نەبوو، ئێمە بە دروشمی (بڕوخێ بەعس... بژی کوردستان) جووڵەمان بەخەڵك کرد، سەرەتا خەڵکەکە ئەو دیمەنەیان بەلاوە سەیرو نامۆ بوو، هەبوو دەیوت: براکەم، بڕۆن خۆتان بشارنەوە، ئەگەر بتانگرن، دەتانکوژن.

وەلێ ئێمە تا نێو بارەگای بەعس نەوەستاین، ئالأی عێراقمان لەسەر بینایەکە داگرت، وێنەی سەدامی سەرۆك کۆماری عێراقمان هێنا، لە ناوەڕاستی بازاڕ شکاندمان لەگەڵ هێنانی ١٣کلاشینکۆف، دواتر دۆسیەکانیشمان رادەستی بەرەی کوردستانی کرد، ئەوجا بەرەو سەربازگەی قەلأتە هەنگاومانا، جەماوەری بەشەڕەف و ستەمدیدەی ئەم شارە کەوتنە دوامان

تا ئەوێمان پاككردەوە كە بە گرتنی دوو سەرباز بەكۆتا هات و ئەوانیشمان ئازاد كرد.

دوای چاوەڕوانیەكی زۆر، هێشتا پێشمەرگە داخیل نەبوو بوو تا ئیڤایەكی سەربازی پەیدا بوو، وامانزانی ئەوانە جاشن، لێیان چووینە پێش، چەكمان لێ ڕاكێشان، وەلێ كاتێك خۆیان ناساند، وتیان: ئێمە پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی كوردستانین.

كاك عەبدولرەزاقی مام صدیق بەدەنگی بەرزەوە وتی: دەی لێیان گەڕێن، ڕێیان كەن ، یاخوا بەخێر بێن.

ئێمەیش ڕێمانكردنەوە، ئەوەندە نەمانەوە، بەرەو كەركوك كەوتنە ڕێ.

ڕۆژی پاشتر بەرەی كوردستانی بەسەرپەرشتی (ی.ن.ك) لەوانە، كاك( نەوزاد كاكەرەش – سەرهەد كانی رەشی – ئەبوزێد و دلێر تەق تەقی) و پۆلێ پێشمەرگە هاتنە ناو تەق تەق.

لە ٢٠ لەسەر ٢١ی ٣ی ١٩٩١ بەرەو كەركوك بەڕێ كەوتین، لە بازگای سەرەكی چوونە ناوەوە، تووشی شەڕێكی قورس بووین، لەو شەڕەدا سەعدوڵای حاجی باقی چۆمحەیدەری بەسەختی بریندار بوو.

لە سێ قۆڵەوە هێرشەكان چڕ كرانەوە:

**یەکەم:** لەناو گۆڕستانی رەحیماوا بەلای شاخەکانی شۆراو کە لە شاخەکانی شۆراوە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی هاوەنەوە نۆ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و لەناو کەرکوك و فەیلەقیش نزیکەی دوو سەد پێشمەرگە، گیانی خۆیان بە کوردستان بەخشی کە لەو داستانەدا رۆڵی شەهید عەبدولرەزاق وحاجی هەڵمەت لەبیر ناکرێ، بۆیە ئەو کەسانەی لەو رۆژەدا بینیم: هەڤال وەستا رەسول بەرپرسی هێزی بروسك — سوورە جەلیل ئەحمەد ناسراو بە (کاکە سوور) — کۆدۆ رەحمان — دلێر تەق تەقی— عەتار حەمەرەش — لوقمان مامە — رەحمان سەیدە — وەلی ئەحمەد کانی لەلەیی —کاکەلاو ئۆمەرگومەتی — نەوزاد بانەگولآنی— قارەمان سەلمان—دەلیل جەلیل —سەرباز حەمیدو پۆلێکی تر کە ئێستا ناویانم لەیاد نەماوە.

**دووەم:** لەرێی شەریکەی نەوتەوە، بەمەیش دەمەو رۆژئاوابوون خۆمان خزاندە ناو رەحیماوا.

**سێیەم:** لە ڕێی بازگەکەوە.

لەکاتی ئازادکردنی ئەو شارەدا بەشێکی زۆری رەفیق حزبیەکان کوژران و تەواوی دام و دەزگاکانیش لەو سەرکوتکارانە پاك کرانەوە.

## قارەمانی وەستا عارف صالح:
## هەر ڕژێمێك سەركوتكار بێ ، دواجار سەری خۆی دەخوا و دەڕوخێ



دەرهەق بەڕاپەڕین لەم شارە هەر ئەوەندە دەڵێم: هەر ڕژێمێك بیەوێ بەزەبری چەك و زیندان و راوەدونان خەڵكی ئازادیخواز كۆت و بەند و سەركوت بكات، ئەوە دواجار سەری دەخوات و دەبێ لەناوچێ.
كورد گۆتەنێ: كە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.

### تێبینیەكی كورت:

باوكی كاك قارەمان كاتی خۆی چەك بەدەستی شێخ مەحمودی نەمر بووە، چونكە وەك خۆیان باسی لێوە دەكەن: لە خزمانی

عەشیرەتی کافرۆشی دەڤەری بازیانن و ناونانی ئەو بە (قارەمان) بەناوی داستانە مەزنەکەی (بەردە قارەمان)ەوە بووە.

تەنانەت کاتێك شێخ مەحمود کۆچی دوایی دەکات، باوکی لە تەق تەقەوە دەچێتە سەرەخۆشی و بەشداری پرسەکە دەکات.

وەك خۆی ئاماژەی پیێ دەکات: شێخ مەحمود گوللە نەیدەبڕی، زۆر بە جەرگ و بوێرو ئازا بووە، تەنانەت لەکاتی شەڕدا بەپێوە شەڕی دەکرد و دواشەڕی لە بەردەقارەمانی بازیان بووە، لە شەڕێکدا لە بەیانیەوە تا ئێواریێ سەنگەری چۆڵ نەکردوە، بەلآم بەهۆی ماندوو بوونەوە دەیەویێ سەرخەویێ بشکێنیێ و دەخەوێت.

ئەفسووس، بەکرێگیراویێ ئەو هەواڵە بە ئینگلیزەکان دەدات، ئەوەش بووە رێخۆشیەك تا بەدیلی بگرن و تا ئەورۆژەی شەهیدیش بووە، بەدەم ئاهو ناڵەی دەرمان خواردووەوە دەینالآند کە بۆی کرابووە ناو چێشتەوە.

ئەوەش دوای دوورخستنەوەی بۆ هیندستان کە لە بەندیخانەیەکدا، تەنها یەك کەسی لەگەڵ بووە، کاتیێ نانیان بۆ هێناون.

شێخ بەهاوڕێکەی وتوە: ئەو خواردنە مەخۆ، سەرەتا بزانە تامی چۆنە؟

ئەویش تامی دەكات، وەلآمی دەداتەوە، دەڵێ: خواردنەكە سوێرو تیژە.

شێخ پێی دەڵێ: دەی كەوایە بیڕژێنە.

كاتێك خواردنەكە روو دەكاتە سەر زەوی، كەف دەكات، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ژەهریان بۆ خراوەتە ناو خواردنەكەوە.

ئەمەو دوای چەند كاتژمێرێ، بایەكی توند هەڵدەكات و بەو هۆیەوە دارێكی ناقۆلآ لە ڕەگ و ڕیشەوە دەردێنێ و ئینگلیزەكان بەم دیمەنە ترسیان لێ دەنیشێ و ئەوە بەموعجیزەیەكی ئیلاهی دەزانن، بۆیە ئازادیان دەكەن.

كاك قارەمان تا نسكۆی ١٩٧٤سەیارەیەكی بارەگای بارزانی پێ بووە، وەك خۆی باسی دەكات:

دوای ئەو پیلانە نێودەوڵەتیەی بۆ لەباربردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد داڕێژراو شكستیان بە شۆڕش هێنا، وەك هەر هاولآتیەكی ئەم هەرێمە چوومە خوارووی ئێران، بۆماوەی ساڵێك لە قەزای (سیرجان)ی سەر بە كرمان (قەزای هەشت) مامەوە، پاشان چوومەوە سەر سنوورو لەسەر سنووری خەسرەوی دەستگیر كرام، دوای یەك شەو بە مەنشەئە ئێمەیان بردە ناوچەی رومادی– ناحیەی عامریە، لەسەر زێی فورات و لە رێگە باردبارانیان كردین.

بۆ ماوەی حەوت مانگ لەوێ دەست بەسەر بووین، ئەوجا نووسراویان بۆ کردین بچینەوە خزمەتی سەربازی.
بۆیە لەوێوە پەیوەندیم بەشۆڕشەوە کرد لەگەڵ سەعید جەمیل کە سەر بەسەرکردایەتی بالیسان بووین و لە کوێێ (حەمید کەریم شانە)سەرپەرشتی دەکردین.
جارێکی تر ساڵی ۱۹۷۹ دوای دەستگیرکردنمان، نزیکەی حەڤدە کەس بۆ ماوەی هەشت مانگ گیران، لەوانە برایەکم بەناوی (هۆشیار عارف ساڵح) لە دایەرەی ئەمنی هەولێر شەهید کراو تەنانەت جەنازەکەشیان نەدایەوە، تا راپەڕینە شکۆدارەکەی ۱۹۹۱ماتەمینی باڵی بەسەرمان کێشا بوو.

* * *

## مام ( جەوهەر رەحمان ئاغا ) دەڵێت:

بەیانیەکی زوو بوو، رەفیق (نەجاح) بەرپرسی منەزەمەی ( تەق تەق) هەر بەپەلە بۆ قەلأتە رای کرد، چووبووە لای عەمید (محەمەد).

بەمەیش بەهەلەداوان خۆم گەیاندە لای مەلا بەکر و پێموت: وەرە هێرش بکە، بەعس لەم شارە نەماوەو ئێرەی چۆڵ کردووە.

مەلا بەکر بەغاردان ڕایکردە ناو منەزەمەو پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد: (بڕوخیٚ بەعسی ئەفلەقی).

ئەوجا خەڵکەکە هاتنە دەر، منیش بەشداری شەڕەکانی قەلأتەو کەرکوکم کرد، وەك شایەتحاڵێك کەسێکمان بینی بەناوی (حەسەن حەمە زیاد) لەو شەڕە شەهید بوو.

هێزێك لە کاکەسوور تەق تەقی و نەوزادی کاکەرەش پێکهاتبوو، ئەوانە یەکەم کەس بوون چوونە ناو پردیٚ و گەڕەکی رەحیماوا.

من وەکو خۆم کاتێك هەواڵم پێگەیشت گوایە رەفیق نەجاح لەکەرکوك چووەتە میوانخانەی جیهادو لەویٚ خۆی حەشارداوە.

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەپێدان بێت:

(مام جەوهەر رەحمان ئاغا) لە کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم بەشدار بووەو لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول وگولأن پێشمەرگە بوو، لە شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ عومەر کادیرو مام برایم بنکەی

پۆلیسی تەق تەق رادەست دەکەن. لەشەڕی ئیسرائیل فەلەستین بەشداری شەڕی ئیسرائیلی کردووە وەکو عەدەد دۆشکەو لە شۆڕشی نویٚ دا لە ریٚکخستنەکانی نهیٚنی یەکیٚتی نیشتمانی کوردستان لای رفعەت کەرکوکی کاری کردووە، بەجۆریٚ لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو منالەکانی رزگار عەلی و رفعەت عەبدولای لەمالی خۆی دالدە داوە، زۆر هاوکاری کردوون کە ئەوەش بۆ ئەو کاتە قوربانیدان بووە بەگیانی خۆو ژیانی لەوپەڕی مەترسی دا بووە، تەنانەت کاتیٚك لەمنەزەمەوە دەم لە پیٚشمەرگەیەك بەناوی عەبدولرەزاق عەبدولرەحمان دەدریٚ، مام جەوهەر پیٚش دەستگیرکردن و هالکوتانە سەری، بەپەلە دەچیٚتە مالیان و لەو هەولەی ئاگادار دەکاتەوە کە رژیٚم بەتەمایە دەستگیری بکات.

بۆیە کاتیٚ رژیٚم ئابلوقەی مالیان دەدات، ئەو زوو رادەکات، هەروەها کاتیٚ ئیخباری (سەلمان رەحمان) دەکریٚ، دیسان ئەو بەخیٚرایی دەگاتە لای، هەوالەکەی پیٚ دەدات و بۆ چوونە دەرەوە، دەربازی دەکات.

* * *

هەر سەبارەت بە ڕاپەڕین:

**( عەبدولرەحمان شێخ محەمەد تاڵەبانی ) دەڵێت:**

دوای هەنگاوەکانی مەلا بەکر بۆ زیاتر جۆشسەندن بەگیانی ڕاپەڕین و گڕو تین و تاو بە خەڵکی تێنووی ئازادی و سەربەخۆیی، ئێمەو خەڵکانێك بووینە سەرە ڕم و قەڵغان و پشتیوانی ڕاپەڕینەکە، لەوانە:

یوسف جەبار تاڵەبانی – دڵشادی حاجی عەولاّ تاڵەبانی – لوقمان شەهاب سوارە – ڕەحمان سەیدە – فاخیر نامیق – فاخیر تالیب – عەزەددین نەجمەددین – فایەق عومەر کادیر – جەوهەر ئەنوەر – فوئاد حەمە صالّح – ئەکرەم عەزیز– شەهید کەمال کوێخا صالح و...هتد. ئەوەش بۆ ئێمە مێژوویەکی پڕشنگدارە لە تۆماری سەروەریەکان.

**مامۆستا ( نەوزاد مامەند خالید ) دەڵێت:**

من و ئەوانەی بەیانیەکەی لای فەرمانگەی پۆستەی تەق تەق کۆ بووینەوەو لەگەڵ خەڵکەکەی دیکەدا بەشداری ڕاپەڕینمان کرد، لەوانە: من و مەلا ئەبوبەکر– فاخیر تالیب – مامۆستا شاخەوان عەلی – ئەکرەم عەزیز – مەلا جەوهەر مەلا زیاد– ئەحمەد عوسمان – ڕەئوف قەمیشەیی و.... زۆرانی تر).

**( محەمەد فارس عەبدولسەلام ) دەڵێت:**

نکۆڵی لە ڕۆڵی دیارو بەرچاوی کاك (بەکر ئاوارە) ناکرێ کە لە تەکدا ئەوانەی بوونە هۆکار بۆ دروست بوونی ئاپۆرای جەماوەری بۆ ئەو ڕاپەڕینەو لە شەڕی ئازادی پشکدار بوون، لەوانە:

(شۆڕش عومەر – فاخیر فارس– ئەحمەد فارس– جەلال عەباس– جەنگی عەباس –حەکیم شەهاب – لوقمان شەهاب – سەرباز بەکر – سەرهەد بەکر – خسرۆ عبد– ئیدریس عەبدولرەزاق– مامۆستا خۆشەوی حەوێز).

ئەمەو لە بازگەیسەرەکی کەرکوکدا ( قوباد حاجی ئیبراهیم) شەهید بوو.

**( خەسرۆ حاجی عوبێد ) دەڵێت:**

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ شاری کۆیە ئازادکرا، بۆ ڕۆژی دواتر چەند ئیڤایەکی سەربازی لە کۆیەوە بەرەو بازاڕی تەق تەق هاتن تا لەو ڕێیەوە بۆ کەرکوك بڕۆن، مەبەست لێی هەڵاتن بوو.

ئێمەو خەڵکەکە ڕێمان پێ گرتن و هەچی چەك و تفاقێکیان پێ بوو، لێیانمان سەندن و ئازادمان کردن.

من وەکو خودی خۆم ئەوەی بەرچاوم کەوت لەکاتی چوونم بۆ بازاڕ، سەرەتا هیچ جموجۆڵێکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا، بەڵام هەست دەکرا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بەڕێوەیە، ئەویش ڕووخانی رژێمە.

بۆیە لە بەراییدا چاوم بە ئەبوبەکر عەبدولاَ (مەلا بەکر) کەوت چۆن دەرگای منەزەمەی شکاند و بەدوادا هەڵمەتی چەقبەستووی تووڕەیی خەڵك گلێپەی سەندو ڕاپەڕین چەخماخەی دا.

لەم ڕوانگەوە بەندە لەگەڵ سەربازی بەکر شەریف روومان کردە سەربازگەی قەلاَتەو لەو رۆژەوە لە سەردەمی بەرەی کوردستانی بۆ ماوەی یەك مانگ لەگەڵ سامی عەزیزو جەنگی عەباس لەسەر دۆشکەی بازگەی قەلاَتە بووین بۆ پارێزگارکردنی تەق تەق و دەوروبەری.

هەروەها کاك(**نازم حەمەدەمین بۆگدی**)یش ڕۆڵی خۆی لەو ڕاپەڕینە ناشارێتەوە لەگەڵ مەلا بەکرو کاکەسوارو عەزیز بایز ونس و بەکرە سوورو مەلا تۆفیق و مامۆستا عەلی عومەر قەساب کە دواتر لە هەرێمی ١٥ی شەهید دکتۆر هەرێم کراوەتە بەرپرسی ئیدارە.

**ماموٚستا (سەمەد كانەبی رەشید) هاوكات لە گەڵ هەر یەك لە كاك (محەمەد شەریف عەبدولاَ) و حاجی (كاوە مەولود باغەجنێری) و كاك (محەمەد حەمە صالح سەعید) و كاك (جەوهەر مەلا ئەنوەر) و كاك (فوئاد حەمە صالح) جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە:**

**راپەرین وەرچەرخانێكی مێژوویی بوو، گەواهی ئەو هەقیقەتە دەدەن كە یەكەم كەس لەم شاروٚچكەیە راپەڕی (مەلا ئەبوبەكر)ی لای خوٚمان بوو، لەناوەڕاستی بازاڕ وێنەی صەدام حوسێنی بەزەوی داداو هوٚتافی دەكێشا: (بژی كورد... بژی كوردستان) و دواتر ئێمەیش گەرم و گەڕیمان بە راپەڕینەكەداو بازنەی خوٚپیشاندانەكەمان فراوانتر كرد لە هەڵكوتانە سەر دام و دەزگاكان و سەربازگەی قەلاَتە.**

كاك (**سەعدی حاجی حەمەدەمین بوٚگدی**) لای خوٚیەوە وێڕای وێناكردنی ئەو روٚژەی راپەڕین، باس لە روٚڵی مەلا بەكرو ماموٚستا مەسعودو حلف ئەحمەد كاكل دەكات و تیشك دەخاتە سەر بەشداری كردنیان لە ئازادكردنی سەربازگەی قەلاَتەو

دارەمان و پاشان کەرکوك کە لەگەڵ جەعفەر ئەنوەرو سەعدوڵا باقی بووە.

**کاك ( شەهاب ئیبراهیم ئەحمەد ) دەڵێت:**

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی١٩٨٢پەیوەندی بە رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردوەو سەر بە شەهید (شاخەوان عەباس) بووە، وەك خۆی دەڵێت: لەرِێی خەڵکی گوندەکانەوە زانیاری و دەنگ و باسمان بۆ دەرەوە دەنارد.

کاتێك ئاشکرا بووین، بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێین و لەسێدارە نەدرێین، چووینە دەرەوە، هەر لەلای کاك شاخەوان بووینە پێشمەرگە کە ئەوانەی لە نهێنی ناو شار بەیەکەوە هاوکار بووین: (شەهید ئیبراهیم سابیر – ئاراس سابیر – سەرهەد کانی رەشی – عوزێر عومەر قەساب و ...چەندانی تر).

لەسەروبەندی راپەرین رۆڵمان هەبوو لە وشیارکردنەوەی گەنجانی شار بەوەی

میللەتی کورد دەبێ لەدەست ئەو رژێمە رزگاری ببێ و کات کاتی خۆرێکخستنەوە و راپەرینە.

لە گەنجەکانی ئەو وەختە: رەحمان سەیدەو مەلا ئەبوبەکرو زۆرێکی دیکە بوون.

**جەردێ لەناوی هەندێ لەوانەی لەسەردەمی رژێمی بەعس، هەستی کوردایەتیان تێدا هەبووە لە سالآنی ١٩٨٠ تا سالّی ١٩٩١**

١-روستەم رەسولّ حەمە شەریف.

٢-نەوزاد مامەند خالید.

٣-خەتاب ئەنوەر بانەگولآنی.

٤-نەوزاد محەمەد بانەگولآنی.

٥- سەرهەد بەکر شەریف.

٦- سامان داود فەتحوللآ.

٧-فوئاد حەمە سالّح گەرمکی.

٨-نازم حاجی محەمەد بۆگدی.

٩-جومعە کانی لەلەیی.

١٠- مستەفا کانی لەلەیی.

١١-فاخیر کانی لەلەیی.

١٢-عەلی بەکر وەستا عارف.

١٣-ئەحمەد خالید وەلی.

١٤-جەنگی مشیر رەحمان.

١٥-سەرهەد گەرمکی.

١٦-جومعە رەمەزان.

١٧-دەلیل کاکەسوور.

١٨-نازم حاجی ئەنوەر.

١٩–رياز حەمەدەمين بەريد.

٢٠–شاخەوان عەلى مامۆكى.

٢١–مەولود كەريم عەلى.

٢٢–محەمەد فارس عەباس.

٢٣–ستار عەلى.

٢٤–حاتەم سەيد محەمەد.

٢٥–عومەر سەليم.

٢٦–فاخير تاڵيب.

٢٧– سەباح ئيسماعيل.

٢٨–عوزێر عومەر عەلى.

٢٩–كەمال كوێخا ساڵح.

٣٠–كەيفى حوسێن.

٣١–موبارەك عەزيز سلێمان.

٣٢–عادل عەزيزسلێمان.

٣٣–عەبدى عەبدولكەريم.

٣٤–عوسمان قەرەناوى.

٣٥–فاخير ئيسماعيل عەزيز.

٣٦–شۆڕش عومەر ئەحمەد.

٣٧–ناميق محەمەد.

٣٨–سالار قادر رەمەزان.

٣٩-بەهائەددین ئەحمەد.

٤٠-محەمەد حەمە مستەفا.

٤١-فریاد مەعروف.

٤٢-چاپوك عەبدوللاّ.

٤٣-دلێر حەمەدەمین.

٤٤-مامۆستا جەلال کۆیی.

٤٥-بورهان هەورامی.

٤٦-سەیفەددین مارف.

٤٧-سەعدی گەرمکی.

رۆژی ڕاپەڕینی تەق تەق ئەوانەی ئاگاداربوون

شایەتحاڵەکانی ڕاپەڕین کە ساڵی١٩٩١ بەشداریان تێدا کرد.

١- سەعیدحەمەدەمین بۆگدی.

٢- نازم حەمەدەمین بۆگدی.

٣- سەرتیپ حەویز کوێخا رەشید.

٤- ئیدریس عەبدولڕەزاق صدیق.

٥- فایەق عومەر ئەحمەد.

٦- ئەکرەم عەزیز ئیسماعیل.

٧- سەمەد کانەبی رەشید.

٨- خەتاب ئەنوەر بانەگولاّنی.

٩- عزەددین نەجیم ئەحمەد.

١٠- خۆشەوی حەوێز کوێخا رەشید.

١١- محەمەد فارس عەباس.

١٢- محەمەد عەیشان قامیشە.

١٣- عەبدولڕەزاق مام صدیق.

١٤- رەحمان سەیدە.

١٥- مام حەتەم موخەڕەسی.

١٦- محەمەد رەمەزان کەریم.

١٧- حەوێز جەعفەر عەولاّ.

١٨- شاخەوان عەلی.

١٩- فاخیر تاڵیب.

٢٠- تاریق سابیر رەمەزان.

٢١- حاجی سەلام.

٢٢- رۆستەم رەسول حەمە شەریف.

کاك( نەوزادی کاکەڕەش) ساڵی١٩٨٧ لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەگـــەڵ ماڵی کاك بەکر شەریف بــە شۆفەڵ خانووەکانیان دەڕوخێنن.

====================











# بەشی سێیەم

# تەق تەق لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا



# ڕێخۆشی

ئەگەر بڕوانینە سەرەتای سەرهەڵدان و دروست بوونی ئەم شارە، ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چاخە کۆنەکان، وە بەدیاریکراوی بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان کە لە مێژووی ئەو گەلەدا ئاماژەیان بەناوی ئەو ڕووبارە داوە کە بەتەنیشت ئەو ئاوەدانیە تێپەڕیوەو هەر لەلایەن ئاشووریەکانەوە ناونراوە (تەق تەق) کە سەر بە (ئارانجا) بووە[٥].

وەلێ سێ هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بە شارستانی (کۆماریا) ناسراوە، سنوورەکەی لە کۆیەوە تا قەندیل و چیاکانی زاگرۆس سەر بە شارستانیەتی کۆنی (گۆتیەکان) بووەو دواتر (سۆمەریەکان) و لەسەردەمی (ئەمەوییەکان)یش بەشێکی زۆری هۆزەکانی (شێخ بزێنی) عەباسی لێ نیشتەجێ بووەو خەڵکی ناوداریان تێدا هەڵکەوتووە، لەوانە:

عەلامە (ابن طق طقي) بەوێنەی کەسایەتیە دیارو ناودارەکان، وەکو (ئیبن خەلەکان) و ( ئیبن شارەزووری) ناسراو بووە.

دوای هاتنی عوسمانیەکان و لەولاوە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سەفەویەکان بەسەرکردایەتی شا عەباس هەستا بەراگواستن و دەرکردنی ئەو هۆزانەی دوژمن و نەیاری سەرسەختی سەفەوی

---

[٥] -گفتوگۆیەك لەگەڵ مێژووناس، مامۆستا (جوامێر سوارە).

شیعی بوون،[٦] لەوانە هۆزی شێخ بزێنی کە تەنها لە دەوروبەری شاری کرماشان نزیکەی چوارسەدو پەنجا ماڵ دەبوون، دوای هاتنیان بۆ ئەو سنوورە، لە شارۆچکەی تەق تەق سەرچاوەیان گرتووە کە ئەو کات (تەق تەق )سەر بە ویلایەتی شارەزوور بوو.

جا بەهۆی پەرتەوازەبوونی خەڵکەکە بەسەر زێی بچووك، بەو هۆیەوە چەندین لادێ دروست بوو کە زۆربەیان بەناوی تورکیەوە ناو نراون، وەکو گوندی: قەرەناو – ئیلنجاغ – ئاخجەلەر– گردخەبەر– مۆرخواردەو.....هتد.

(تەق تەق) سەرەتا بۆ سەر سێ یەکەی نیشتەجێبوون دابەش بووە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە (زورناسەر) و (کو چك نەخشە)و (گۆڕقەرەج).

کەواتە مێژووی تەق تەق وەك ئاوایی و ئاوەدانی، مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە بۆ سەرەتای سەدەی حەڤدە (١٦٠٠ی زایینی) دەگەڕێتەوە.

تەق تەقی ئەمڕۆ بەسێ قۆناغی جیا جیا گوزەری کردووە:

***قۆناغی یەکەم:** لە گوندی (کوچك نەخشینە)ەوە بووە.

---

[٦] –لەو هێرشەی عوسمانی دا زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بۆ ئەنقەرەو ئەستەنبول (ئەوشوێنەی حاجی قادری کۆیی لێ نێژراوە) گواستراوەتەوەو خەڵکەکە تاق تاق ماوەتەوە،.

***قۆناغی دووەم:** لەگوندی (کەڵەکچین)ەوە بووە.

***قۆناغی سێیەم:** لە گوندی (گەرمك)ەوە هاتوونەتە سەر زێ، بەڵگە بۆ ئەم قسانە، زەوی و زاری تەق تەق لەگەڵ گەرمك تێکەڵەو پاشان شارۆچکەی تەق تەقیان لێ پێکهێناوە.

هەروەها ساڵی ١٧٥٠ی زایینی (نادر شا) جارێکی تر پەلاماری ئەو ناوچەیە دەدات و بەو هۆیەوە خەڵکی ئاوایی (کوچك نەخشە) شوێنی خۆیان چۆڵ دەکەن و شێخ بزێنیەکان لەترس و بیمی رەشەکوژی ئەو سەرکردەیە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون روو دەکەنە (عەرووزە) و بازرگانی بە (کەلەك)[٧]ەوە دەکەن کە زیاتر کوێخا (گردە) ئیش و کارەکانی ئەو کەلەکانەی بەڕێوە دەبرد.

ساڵی ١٨٤٠ جارێکی تر پەتی تاعون روویان تێ دەکا وبەسەردا لافاوی زێ هەڵدەستێ، بەمەیش خەڵکەکە بۆ جارێکی تر باروبنەیان تێك دەنێن و کۆچ دەکەن و دوای ماوەیەك دووبارە دێنەوە سەر زەویەکانیان و دووبارە ئاوەدانی دەکەنەوە.

* * *

[٧] -پێش ساڵی ١٩١٥ لەلایەن مارف کوڕی کوێخا سەلمان و بنەماڵە کۆنەکانی تەق تەق، زیاتر لە ١٩ کەلەکی گەورەیان هەبووە.

# ناوی تەق تەق

لەم روانگەوە چوار بیرو بۆچوون هەیە سەبارەت بەم ناوە هەیە:

**یەكەم:** دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم شوێنە دەڵێن: وشەی تەق تەق لە(تاك تاك)ی ماڵەوە هاتووە واتە: تاق تاق[٨] یا تاك تاك لێرەو لەوێ هاتوون و لەم شوێنە نیشتەجێ بوونە.

**دووەم:** هەندێ پێیان وایە وشەی تەق تەق ناوێكی سروشتیە، پەیوەستە بە خاكی ناوچەكە كە زەوییەكەی بن بەردو رەقە، وشەی تەق تەق لە زمانی كوردی واتە: زەوی بەردینە كە هەر یەك لە (جەمال بابان) لەكتێبی (ناوی شارەكانی عێراق) و

[٨] -بە بۆچوونی كاك (نەوزاد كاكەڕەش) ناوی تەق تەق لە (تاك تاك)ەوە هاتووە، خەڵكەكە ڕەشماڵیان لێی هەڵداوە، پاشان هەر یەكە لە شوێنی خۆی، خانووی لێ دروست كردووە و تەق تەقیەكان شارەزاییان لە زێ دا هەبووە، بۆیە كەڵەكەوان بوون، لەسەر داوای حاجی بابەكر ئاغای كۆیە، تەق تەق بۆ پشت شاخی قەلان گوازراوەتەوە كە شوێن و دەراوی باش بووە، دام و دەزگای حكومەتی لێ دامەزراوە بۆ وەرگرتنی باج ورسومات لە كەلەكەوانەكان كە ئەو كاتە خەڵك لەجیاتی سەیارە بە كەلەك بەروبوومەكەی لە زێی تەق تەقەوە بۆ خوارووی عێراق بردووەو لەگەڕانەوە لەگەڵ خۆیاندا خواردنی وەك (خورما- دۆشاو- خوێ)یان لەتكریت و دبس و پردێ و سەرگەڕان و حەویجەو خاڵص و مەندەلی هێناوە، لە تاڵەبانی گەورەدا (حەمەی صۆفی كەریم مامۆك) تووتنی بە گوێدرێژ بۆ كەركوك و تكریت و دوبس دەبردو لەگەڕانەوە خورماو دۆشاو و خوێی دەهێنا.

ئاراس ئیلنجاغی لە كتێبی (تەقتەق پەلكە زێڕینەی كەنار زێی بچووك) ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەكەنەوەو پەسندیان كردوە.

**سێیەم:** من وەكو نووسەری ئەم كتێبە وای دەبینم وشەی تەق تەق لە (تەپ تەپ)ەوە هاتبێ، كاتێ دەستیان لەسەر دڵیان دادەنا، گوێبیستی تەپە تەپی دڵیان دەبوون، بۆیە وتوویانە: تەپە تەپی ئەو دڵە بۆ ئەم دەم زێیە لێ دەدا كە ئەوانەی لەدووری خزم و كەس و كارو ئاوایییەوە بوونەو پاش گەڕانەوە بۆ ئاوایی، دەستیان لەسەر دڵیان داناوەو وتوویانە: ئەمە تەپە تەپە.

**چوارەم:** هەر خۆیشم لە دایك و باوكی خۆمم بیستووە گوایە لەو سنوورە دوو ئاشی ئاوی لێبووە:

*ئاشی شێخ رەئوف لەوبەری زێكە بووە، كەوتبووە بەری دەشتی سماقە.

*ئاشی كوێخا رەشید كە لەم بەری زێكە بووەو پێی وتراوە ئاشی (سمایل ئاشەوان) كە لە شوێنێكی بەردین و ڕەق بووە،

لە دوورەوە کە دەنگی ئاشەکە دەبیسترا، وتوویانە: ئەمە (تەقە تەقی) ئاشەکەیە[٩].

بە لێکدانەوەو شرۆڤەی هەر یەك لە مامۆستا (جوامێر سوار رەحمان)و(ئومێد حەمەدەمین بەرید):

*ناوی تەق تەق، ناوێکی کوردییە، تورك و عەرەب و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکان بەهەمان ناو، ناویان بردووە.

لەسەردەمی حوکمڕانی ئاشورییەکاندا ناوی (تاك تخۆم) و لەسەردەمی گۆتیەکان و عەباسییەکان بەهەمان ناو، ناوی براوە.

* * *

[٩] - ژێدەر: بە بۆچوونی مامۆستا (شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی) وشەی تاق تاق بەهۆی هەڵسانی لافاوەوە، ئاو بەردو زیخەلانێکی زۆری لەگەڵ خۆی راپێچ کردووەو دەنگی تەقە تەقی بەردەکە بووەتە هۆکارێ تا ئەم شوێنە ناو بنێن: تەق تەق، جگە لەم بۆچوونەیش دیسان مامۆستای ناوبراو پێی وایە ئەو ناوچەیە بەردەلان بووەو بەهۆی رۆیشتنی ئەسپ سوارەوە لەو شوێنە، لەپێدانانی ئەسپ بەسەر بەردەکانیدا، تەقە تەقی هاتووەو لەوەوە ئەو ناوەیان لێناوە.

نووسەر

# هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافی تەق تەق

## ١-شوێنی گەردوونی و ئاو و هەوای تەق تەق:

دەکەوێتە نێوان بازنەی(٣٥-٣٦)پلەی باکوری نیوە گۆی زەوی و نێو هێڵی درێژی (٤٤-٤٥)پلەی رۆژهەڵاتی زەوی.

هەرچەندە بەشێکە لە تێکڕای ئاو و هەوای ناوچەکە، کە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستە. بەڵام ئەم شوێنە گەردوونیەی تەق تەق لە هەرێمی کوردستان، ئاو و هەوایەکی راگوێزەری نێوان گەرمیان و کوێستانی پێ بەخشیوە، لە ناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەردایەو بارانبارینی ساڵانەی لەنێوان (٢٠٠-٥٠٠)ملم دایە، هاوینی گەرم و وشك، زستانی فێنك و باراناوییە.

## ٢- تۆبۆگرافیای تەق تەق:

پێکهاتەی رووی تەق تەق کەوتۆتە ناوچەی زورگانەوە ٦٠٪ی رووبەرەکەی گردۆلکەو زورگاویەو ٣٨٪ی دەشتی زێکردی کەناریەو ٢٪ی شاخاوییە.

سنووری ناحیەکە بەهێڵی کانتۆرین بەرزییەکەی (٣٥٠تا٧٥٠) مەتر لەئاستی دەریا بەرزەو بەرزترین لوتکە چیای(چیای تەکەڵتووە) کە (٨١٠)مەتر بەرزەو دواتر چیای (گۆڕقەرەج) دێ کە زێدی گەورەی شاعیری کورد (حاجی قادری کۆی)یەو

بەدووری (٣) كیلۆمەتر لە خۆرئاوای تەق تەق، بە بەرزی (٧١٠)مەتر لەئاستی دەریا.

هەروەها هەردوو بانۆكەی (تاڵەبانی گەورە و ئیلنجاغی گەورە) لە باكوری خۆرئاوای تەق تەقە كە بەرزیان لەنێوان (٤٠٠–٥٠٠) مەترە لە رووی دەریاوە، بەهەزاران دۆنمی دێمەكاری پشتاو دەبن و لە باكوری خۆرئاوادا هەر دوو رووبارۆچكەی وەزی (كۆیە و داربەسەر) پێیدا گوەزەر دەكات و لەنێوان گوندی (كانی لەلەو ئۆمەرگومەت) دەڕژێتە زێی بچوك كە جگە لە گوزەركردنی زێی بچووك لە باشووریدا، بەو هۆیەوە هەزاران دۆنمی دەشتی زێكردی دروستكردووە كە سەرچاوەی گەشتیاری و بژێوی دانیشتوانی سنوورەكەیە.

(تەق تەق)یەكەم ناحیەی قەزای كۆیەیە، بەدووری ٢٥كم لە باشووری قەزاكە، لەكەناری لای راستی، (زێی بچووك) هەڵكەوتووە كە وەك دیاردەیەكی سروشتی لە ناحیەی (شوان) و ناحیەی (ئاغجەلەر)ی قەزای چەمچەماڵی جیا دەكاتەوە، هەروەها لەوپەڕی باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێرەوە بەدووری(٥٨) كیلۆمەتر، لە باكوریدا ناحیەی (ناوەند)ی قەزای كۆیەو لە خۆرهەڵاتیدا ناحیەی (ئاشتی) و لە خۆرئاوای دا ناحیەی (سێگردكان) و لە باكوری خۆرئاوای دا ناحیەی

(شۆڕش) سنووری داوە، ئەمەو تەق تەق خاڵی بەیەك گەیاندنی هەر سێ پارێزگای كەركوك و هەولێرو سلێمانی یە.

٣٧فەرمانگەی جۆراو جۆری خزمەتگوزاری و كارگێری و ٢٢ قوتابخانەو خوێندنگەی بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایانی تێدایە، لە گرنگترین فەرمانگەكانی:( بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو سەرۆكایەتی شارەوانی و فەرمانگەی ئاو و دابەشكردنی كارەبا و خانەی دادو دادنووس و بانك و تێبینەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەو نەخۆشخانەی تایبەت و ٥٠قەرەوێڵەیی و ١١مزگەوتی تێدایە)[١٠].

[١٠] -كتێبی زێودەر، نووسینی: ئاراس ئیلنجاغی. لە ژمارە٢٧ی تەمموزی٢٠١٣لە گۆڤاری كەكۆن و ماڵپەڕی پارێزگای هەولێرو ماڵپەری كوردیپیتدیا بلاْوی كردۆتەوە.



مامۆستا (ئاراس عومەر ئیلنجاغی) كەسایەتیەكی دیاری بواری رۆژنامەگەری كوردیە، چەندین كتێبی دانسقەی پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی كردووەو وەك پەروەردەكارێك خزمەتێكی زۆری شارۆچكەی تەق تەق و ئەو سنوورەی كردووە.

# ڕواڵەتە دیارەکانی شارۆچکەی تەق تەق

١–کێڵگەی نەوتی تەق تەق ١٩٥٩–٢٠٢١

٢–پردی تەق تەق ١٩٥٤–١٩٥٨– ئاڵمانیا[١١].

٣–گردی ساتوقەلاّی شوێنەوار ١٢٣٠–٨٠٠پ.ز

٤–چیای گۆڕقەرەج، زێدی حاجی قادری کۆیی.

٥–شاخی تەکەڵتو.

٦–زێی بچووك، شادەماری ژیان و ئاوەدانی تەق تەق.

٧–هەردوو بانووکەی ئیلنجاغی گەورەو تاڵەبانی گەورە.

٨–کەپری محەمەد سلێمان – گازینۆی گەشتیاری تەق تەق.

٩–پارکی سایەی گەشتیاری.

١٠–کۆڕنیشی کەناری زێی بچووك.

١١–پارکی ڕەشیدی گەشتیاری.

١٢–کانی قولەتێن..

١٣–کیلڵگەی پەڵەوەری تەق تەق لە گەرمك[١٢].

[١١] –پردی تەق تەق ساڵی ١٩٥٤ کۆمپانیایەکی عەرەبی ڕوپێوی بۆ کردوەو لەلایەن کۆمپانیای (بیتۆن مونیرباو)ی ئاڵمانیەوە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی نەوتی کەرکوك دروستکراوە کە دوازدە پایەی هەیەو دیمەنێکی جوان و دڵگیری بە شارەکە بەخشیوەو لەو سنوورە هەر سێ پارێزگای هەولێرو کەرکوکی و سلێمانی بەیەکەوە بەستاوە .

# رووبەری تەق تەق

تێکڕای سنووری ناحیەی تەق تەق لەم ڕۆژگارە(٢٧٦)کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو (٢١) کەرتی کشتوکاڵییەو (٢٣) گوندی بەسەرەوەیە، چونکە ئیلنجاغی گچکە بووە بەدوو گوندی (مەرزانی خواریٚ و مەرزانی سەریٚ) و گوندی تازە دروستکراوی (سەرکەڵەك) یش کە لە کەرتی باغەجنێرەوە جیا کراوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٧ بەر لەجیاکردنەوەی ناحیەی شۆڕش (دێگەڵە) رووبەری تەق تەق (١٠٧٣)کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە، دواتر بەهۆی ئەوەی بەشێکی دیاری گوندەکانی باکوری خۆرئاوای، خرانە سەر ئەو یەکە کارگێڕییە نویٚ یە، بەمەیش رووبەری تەق تەق بۆ نزیکەی(٧٠٠)کیلۆمەتر کەم بۆوە.

ساڵی ١٩٩٩ نزیکەی (٢٠)گوندی خۆرهەڵاتی، خرانە سەر ناحیەی (ئاشتی) و زیاتر لە (٢٠٠)کیلۆمەتری دیکەی لە رووبەرەکەی بردو دواتر رووبەری تەق تەق بووە(٤٧٤)کیلۆمەترو لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە ناحیەی (سێگردکان) (١٠) گوندی تری رۆژهەڵاتی تەق تەقی بۆ خۆی بردو ئەویش نزیکەی (٢٠٠)

[١٢] -ئەم کێڵگەیە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی عێراقەوە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی شارەزایانی تایلەندی دروست کراوە کە پێکهاتووە لە چوار هۆڵی جووتی گەورەی ئامێری هەڵهێنەری جووجەڵە.

کیلۆمەتری دابڕی. بەمەیش تەق تەق لە ئێستادا رووبەرەکەی تەنها (٢٧٦)کیلۆمەتر دوو جایە.

**خشتەی ژمارە(١)**

**خشتەی رووبەری تەق تەق و گوندەکانی**

| ز | ناوی گوند | ژمارەی کەرت | رووبەر بە دۆنم | روو بەمەتر دووجا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەق تەق | ١ | ٢٩٠٣ | ٧٢٥٧ر٥ | |
| ٢ | گەرمکی تەق تەق | ٢ | ٦٨٢٢ | ١٧٠٥٥ | |
| ٣ | تاڵەبانی گەورە | ٣ | ٧٤٩٩ | ١٨٧٤٧ر٥ | |
| ٤ | کانی لەلە | ٤ | ١٠١١٧ | ٢٥٢٩٢ر٥ | |
| ٥ | ئیلنجاغی گەورە | ٣٠ | ٩٨٢٢ | ٢٤٥٥٥ | |
| ٦ | ئیلنجاغی گچکە | ٣٢ | ٤٢٦١ | ١٠٦٥٢ر٥ | هەردوو مەرزان دەگرێتەوە |
| ٧ | شیواشۆکی | ٣٣ | ٩١٨٠ | ٢٢٩٥٠ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | خوارێ | | | | |
| ٨ | تاڵەبانی گچکە | ٣٤ | ٤١٨٦ | ١٠٤٦٥ | |
| ٩ | کانی رەش | ٣٥ | ٥٣٥٧ | ٣٣٩٢ر٥ | |
| ١٠ | کونە گورگ | ٣٦ | ٦٨٨٤ | ١٧٢١٠ | |
| ١١ | باغەجنێر | ٣٧ | ١٠٨٣٥ | ٢٧٠٨٦ر٥ | |
| ١٢ | چۆمحەیدەر | ٣٨ | ١٢٩٠ | ٣٢٢٥ | |
| ١٣ | موخەڕەس | ٣٩ | ٣٣٠٤ | ٨٢٦٠ | |
| ١٤ | گەرمکی ساتوقەڵاّ | ٤٠ | ٣٩٩٩ | ٩٩٩٧ر٥ | |
| ١٥ | مەلا زیاد | ٤١ | ١٢٤٨ | ٣١٢٠ | |
| ١٦ | ساتوقەڵاّ | ٤٢ | ٣٩٢٨ | ٩٨٢٠ | |
| ١٧ | شیوەجان | ٤٥ | ٦٠٢٣ | ١٥٠٥٧ر٥ | |
| ١٨ | تەکەڵتو | ٤٦ | ٣٥١٨ | ٨٧٩٥ | |
| ١٩ | ناسراغا | ٤٧ | ٥١٦٦ | ١٢٩١٥ | |
| ٢٠ | قوڕەبەرازە | ٤٨ | ١٥٥٧ | ٣٩٩٢ر٥ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ی گەورە | | | | |
| ٢١ | قورەبەرازەی گچكە | ٦٧ | ٢٥١٠ | ٦٢٧٥ | |
| | سەرجەم | | ٤٠٩ر١١٠ | ٥ر١٢١ر٢٧٦ | |

## مێژووی یەكەی كارگێڕی

سەبارەت بەمێژووی یەكەی كارگێری، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە(١٨٥٠-١٩٠٠ی زایینی)، فەرمانگەی (رێژە)ی كۆكردنەوەی باج و سەرانەی عوسمانیەكان و بنكەی جەندرمەو زەفتیەی لێ بووە، چونكە لە كۆنەوە ناوچەیەكی ترانزێت بووە بۆ بەروبوومەكانی پشدەرو بیتوێن و كۆیەو هەولێر لە رێگەی ئاوی زێی بچووكەوە (لەرێی دوبەو قەیاغەوە)بۆ كەركوك و بەغدا گواستراوەتەوە.

ساڵی ١٩١٨دوای هاتنی ئینگلیزەكان بۆ ئەو ناوچەیە، بایەخی تەق تەق لەرووی كارگێڕییەوە زیادی كردووە، بەتایبەت دوای راپۆرتە كارگێڕییەكانی ناوچەكانی كەركوك لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩)ی زایینی لەلایەن یارمەتیدەرانی ئەفسەرە سیاسیەكانەوە كە بە خاكی مەدەنی ناسرابوو، پێشكەش دەكرا.

(كاپیتان های) حاكمی مەدەنی هەولێر لە ١٩١٨/١٢/١٥ گەیشتۆتە كویەو (حەمەد ئاغای گەورەی غەفوری) كردووە بە قایمقامی كۆیەو (عەبدولاّ ئاغای حەوێزی) كردووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق و ئەم ناحیەیە تا ١٩٨٦/١٠/٢ وەك یەكەی كارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی ناحیە بووەو دوای ئەو بەرِوارە بە بڕیارێكی سیاسی پارێزگاری ئەوسای هەولێر، ناحیەی تەق تەق كراوەتەوە بەگوندو ناویان ناوە گوندی (عەزیزیە).

دوای ڕاپەڕینە شكۆدارەكەی جەماوەری كوردستان و دواتر دامەزراندنی حكومەتی هەرێم هەر بەگوندێكی ئیداری مایەوە، تا بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ژمارە (٤١٥/١/١) لە ١٩٩٥/٦/٢٠ بۆ جارێكی تر كرایەوە بە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو (كاكەخان نەسرەدین ئەمین) بووەتە یەكەم بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق لە حكومەتی تازە دامەزراوی هەرێمی كوردستان.

* * *

# ناوی بەڕێوەبەری یەکە کارگێرییەکانی تەق تەق

# ( مودیر ناحیەکان )

١–عەولاّ ئاغای حەوێزی.

٢–مەلا ئەحمەد ئاغای غەفووری.

٣–فەتحوللاّ ئاغای غەفوری.

٤–عەبدولفەتاح ئاغا عەبدوللاّ.

٥–بەهجەت ئاغای حەوێزی.

٦–محەمەد ئەمین ئەحمەد زەکی ١٩٣١–١٩٣٢

٧–شێخ یونس خانەقا ١٩٤٦

٨–شێخ فازڵ تاڵەبانی ١٩٤٨–١٩٥١

٩–ئیحسان جەمال محەمەد تاڵەبانی ١٩٥٩

١٠–عەلی حەمادی.

١١–بورهان سلێمان.

١٢–رەئوف حیکمەت.

١٣–کەمال عەلەمدار.

١٤–مەلا رەشید.

١٥–شێخ نوری شێخ سالح.

١٦–عەلی عەزیز بەرانی.

١٧–سامی ئەسعەد نائب.

١٨–قەحتان محەممەد.

١٩–سەدام شێخ حەلاوی.

٢٠–مومتاز بیلال.

٢١–محەمەد پاشای دزەیی ١٩٧٠

٢٢–خدر ئاغای بلباس.

٢٣–حەسەن هادی سلێمان ١٩٧٩

٢٤–سەباح محی الدین.

٢٥–ئەبو ئەحمەد ١٩٨٥

٢٦–ملازم لەتیف بەغدادی

٢٧–کاکەخان نەسرەددین ئەمین١٩٩٥–٢٠٠٠(یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو)

٢٨–حاکم (صالح محەمەد کلێسەیی) ٢٠٠٠–٢٠٠١

٢٩–حاکم (فاتیح حوسێن حەمەدەمین) ٢٠١٠–٢٠١٣

٣٠–سەرکەوت رەسول عەزیز لە٢٠١٣/٢/١٠ دواتر بووە قایمقامی کۆیە.

٣١–حاکم (رمك رەمەزان).

٣٢–حاکم (عومەر ئەحمەد).

* * *

# دانیشتوانی تەق تەق

ئەگەر بمانەوێ باس لە داتاو ئاماری تایبەت بە ژمارەی دانیشتوانی تەق تەق بکەین، ئەوە دەبێ پشت بە سێ سەرچاوەی سەرەکی ببەستین:

**یەکەم:** خستنە ڕووی ئاماری ژمارەی ماڵەکانی تەق تەقە بۆ ساڵی٢٠١٣ی زایینی کە لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەقەوە خراوەتە روو.

**دووەم:** پشت بەستنە بە تێکڕای ژمارەی سەر خێزانەکانی تەق تەق کە لەنووسینگەی زانیاری تەق تەق وەرگیراوە کە بۆ هەر خێزانێك تەنها (٤) کەس هەژمار کراوە، واتە:٤جارانی٤٢٩٠ماڵ یەکسانە بە (١٧١٦٠) کەس، بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٣.

**سێیەم:** بۆ ئامارو داتای گوندەکان پشت بەئەنجومەنی گوندەکان بەستراوە کە هەر(٢٣) ئاوەدانی و گوندەکانی تەق تەق لەساڵی ٢٠١٣دا لەکۆی (٧٧٣) خێزاندا، ژمارەی سەرخێزانەکان(٣٨٩٨) کەس بووە.

هەڵبەتە(٢) لە گوندەکانیدا هەر لەو ساڵە بەتەواوی چۆڵ بووە، ئەوانیش هەردوو گوندی قوڕە بەرازەی (گەورە) و (بچووك) بوون و چەندین گوندی دیکەیش ژمارەی خێزانەکانی کەمتر لە

پەنجەی دەست دەژمێردرا، وەك گوندەكانی (كانی لەلەو گەرمكی ساتوقەلاو كونە گورگ).

بۆیە تێكڕای دانیشتوانی ناحیەكەو گوندەكانی وەك لەو ساڵەدا لەسەردانە مەیدانیەكاندا دەست كەوتوون (٢١٠٥٨) كەس بووەو (٤٩ر٨١٪ )لە ناوەندی تەق تەق نیشتەجێ بوون، واتە: رێژەی شارنشین یەكجار جیاوازی هەیە لەگەڵ گوندنشینەكان كە رێژەی گوندنشین (٥١ر١٨٪) بوو.

كەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەكە بە بەراورد بە ئاماری(٢٠٠١)ی رێكخراوی (unicef) و وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە ئەو كات ژمارەی دانیشتوانەكەی نزیكەی (٢٤٢٥٤) كەس بوو.

ئەوەش بۆ دوو خاڵی سەرەكی دەگەڕێتەوە:

**یەكەم:** جیابوونەوەی(١٠) گوندی خۆرئاوای ناحیەكە لە ساڵی (٢٠٠٥) بۆ سەر ناحیەكی تازە، بەناوی (سێگردكان).

**دووەم:** دوای رووخانی حكومەتی ئەوسای بەغدا و كۆتایی هاتنی ڕژێمی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣) ژمارەیەكی زۆر لە دانیشتوانی تەق تەق كە بەبنەچە خەڵكی سنوورەكانی شوان و شێخ بزێنی و كەركوك بوون، ئەوانە گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان.

## خشتەی ژمارە( ٢ )

## خشتەی ژمارەی دانیشتوانی تەق تەق و گوندەکانی لەساڵی( ٢٠١٣ )

| ز | ناوی گوند | ژمارەی خێزان | سەرخێزان |
|---|---|---|---|
| ١ | تەق تەق | ٤٩٢٠ | ١٧١٦٠ |
| ٢ | گەرمکی تەق تەق | ١٢ | ٤٥ |
| ٣ | تاڵەبانی گەورە | ٨ | ٣٥ |
| ٤ | کانی لەلە | ٣ | ٢١ |
| ٥ | ئیلنجاغی گەورە | ١٤٢ | ٧٥٠ |
| ٦ | تاڵەبانی گچکە | ١٠ | ٤٠ |
| ٧ | شیواشۆکی خواروو | ٣٨ | ٢٧٨ |
| ٨ | کانی رەش | ٢٦ | ١٦٦ |
| ٩ | کونە گورگ | ٣ | ٢٦ |
| ١٠ | باغەجنێر | ٥٢ | ٢٥٠ |
| ١١ | چۆمحەیدەر | ٢٩ | ١٥٧ |
| ١٢ | موخەڕەس | ٩٠ | ٥٢٥ |
| ١٣ | گەرمکی ساتوقەڵا | ٣ | ٣١ |
| ١٤ | ساتوقەڵا | ٤٥ | ٢٢٥ |
| ١٥ | مەلا زیاد | ٥٨ | ١٨٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | شیوەجان | ٢٦ | ١٤٠ |
| ١٧ | تەكەڵتو | ٩ | ٤٩ |
| ١٨ | ناسراغا | ١٢ | ٨٥ |
| ١٩ | قوڕەبەرازەی گەورە | چۆڵە | چۆڵە |
| ٢٠ | قوڕەبەرازەی گچكە | چۆڵە | چۆڵە |
| ٢١ | سەركەڵەك | ١٧٢ | ٦٥٠ |
| ٢٢ | مەرزانی خواریێ | ١٠ | ٤٠ |
| ٢٣ | مەرزانی سەریێ | ٢٥ | ١٠٠ |
| --- | كۆی گشتی | ٥٠٦٣ | ٢١٠٥٨ |

*   *   *

# تەق تەق وەك كەرتێكی كشتوكاڵی

گوندی تەق تەقی كۆن لەم ڕۆژگارە بووەتە چەقی ناحیەو ناوی ناحیەكەش هەر بەناوی گوندەكەوە ناونراوە كە بەدووری ٢٣كیلۆمەتر بەرێگای قیرتاو لەباشووری قەزای كۆیەیە، هاوسنوورە لەگەڵ گوندەكانی (گەرمكی تەق تەق لە خۆرئاوا) و (تاڵەبانی گەورەو باغەجنێر لە باكور) و (زێی بچووك لە رۆژهەلاَت لە گوندی كەپەنك) و (لە باشووری دا لەگوندەكانی سماقەو قەرەناو و ناحیەی شوان)ی جیا دەكاتەوە.

كەرتێكی كشتوكاڵی ژمارە(١)ی هۆبەی كشتوكاڵی تەق تەقە، رووبەرەكەی (٢٩٠٣) دۆنمە، (١١٠٠) دۆنمی لە رابردوودا حەرەمی گوندەكە بووە، ئەمرۆ تێكرای گوندەكە خەریكە دەبێتە سنووری شارەوانیەكەی كە ٣٣٩ مەتر لەسەر ئاستی رووی دەریاوە بەرزەو كەوتۆتە نێوان هێڵی درێژی(٤٤،٣٥–٤٤،٥٨)ی خۆرهەلاَتی زەوی و نێوان هێڵی پانی (٣٥،٥٣–٣٥،٨٨) ی باكوری گۆی زەوی.

ئەمرۆ زۆربەی زەویەكانی تەق تەق بوونەتە گەڕەك، وەك زەویەكانی:

دۆشاورشێن: خوار بانكی تەقتەق و نشێوی هۆبەی كشتوكاڵی.

بەستەكە: گەڕەكی رزگاری.

گەزەران: ئەمڕۆ دورگەیە لەناو زێیەکەدا کە لە پاییزدا کالەکی چوار بێستانی ٩مانگی تێدا لیَ دەدرا.

جۆنی بەرد: گەڕەکی شەهیدان و گۆڕقەرەج .

گردی حێمر: گۆڕستانی شەهیدان.

گردی گێوژ: فەرمانگەی پاراستنی رووەك و دارستان.

ئاوەزا: گەڕەکی سەربەستی.

کەرەکچین: پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی تەق تەق– کۆیەیە.

جگە لەمانە، چەندین پارچە زەوی دیکە هەیە وەك: زەوی دەباغی گەورەو دەباغی گچکە.

زەوی سۆرەبانکە وەقفی مزگەوتە، لە باپیری مەلا ئەبوبەکر ماوەتەوە، پێیان دەوترێ: زەوی مەلایان لەگەڵ زەوی فرەکانی لەسنووری گوندی گەرمك.

شیوی لوولەو گۆڵی گامێشان، گردخەرات، کەندەرانە سۆر، کۆزە ، سێمەیی، قەرەقاجین، کونەناوە، گردە سوور، گردخەرمان، عەروزە، شاخە قوتە، ئاشەکە، خەرمان سوتاو، دۆڵی کەرەکچین، شاخی قەلان، بانە رەقە، شێخ بایز، کونەکەمتیار، بەرد بەردین).

* * *

# سامانە سروشتیەکان

سامانە سروشتیەکانی تەق تەق بریتیە لە سامانی کانزایی نەوت و گازی سروشتی و کەرەستەی خانووبەرەی غەسالەکانی کەنار زێی بچووك کە ژمارەیان پێنج غەسالەی قوم و لم و چەگڵە.

هەروەها دەواجینی پەلەوەڕی تەق تەق کە پاشماوەی حکومەتی بەعسە و کەوتۆتە سنووری گوندی گەرمك، ئەوەیش داهاتێکی ساڵانەی زۆری هەیەو ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویش بنەمایەکی سەرەکین بۆ پیشەسازی و گەشەسەندنی لە داهاتوودا.

# ڕووەکی سروشتی

سەبارەت بە ڕووەکی سروشتی بەهۆی زێی بچووکەوە هەزاران دۆنمی کەناراوی بووە بە لێڕەوارو بێشەڵاَن و دارستانی چڕی داربی و دارچنارو پەرك و ئەسپیندارو توودڕك و گەز. لەناوچە زورگاویی و چیاکانی گۆڕقەرەج وتەکەڵتوودا، درەختیلەی وەك دار بەلالووك و گێوژو مۆرد و سماق و دار بەڕوو و پووش و پەلاَش و پاوانی سنوورەکە گرنگترین درەخت و پۆشاکی ڕووەکی سنوورەکەن.

# باری ئابووری تەق تەق

بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوی یونیسێف، لە مایسی ٢٠٠١ ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی تەق تەق و گوندەکانی دەوروبەری(٢٤٢٥٤) کەس بووە، بەداخەوە ئامارێکی تازە لەسەر ئەو شارۆچکەیە نییە.

سەبارەت بەتوانا مرۆییەکانی شارۆچکەکە لە ئێستادا، لەبوارە ئابوورییەکانی تری وەك سامانی ئاژەڵی و بەرووبوومی کشتوکاڵی دا نزیکەی دە هەزار سەر مەڕو بزن و نزیکەی سێ هەزار رەشەوڵاخی تێدا بەخێو دەکرێ و نزیکەی سەد حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە و چل پڕۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەڕی تێدایە.

هەروەها لە کەرتە کشتوکاڵیەکاندا ساڵانە لە بەراوەکاندا زیاتر لە هەزار تۆن سەوزەواتی هاوینەو زستانە بەهەموو جۆرەکانیەوە بەرهەم دێ.

هەروەها جگە لە بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی گەنم و جۆ لە زەوییە پشتاوەکانی سنوورەکەدا، میوەکانی وەك هەنارو هەنجیرو قەیسی و ترێ و مزرەمەنی بوونی هەیە، جگە لە دارستانە

چێنراوەکانی بەشی رەزگەری و دارستانی هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق.

## باری کۆمەڵایەتی و ئاینی تەق تەق

دانیشتوانی شارۆچکەی تەق تەق هەموو موسڵمانن، لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعین. لە کۆندا یەك گەڕەك بوو، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە دوو گەڕەك (سەربەستی و رزگاری) و دوای پرۆسەی ئەنفال بووەتە سێ گەڕەك (گەڕەکی جدیدە) زیادی کرد لە ئێستاشدا بووەتە شەش گەڕەك و یازدە مزگەوتی تێدایە، ساڵی ٢٠٠١ ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٤٢٥٤ کەس بووە، لەوانە ١٢١٢٥کەس (نێر)و ١٢١٢٩ کەس (مێ) بووە، واتە: ژمارەی (نێر) تەنها چوار کەس لە ژمارەی (مێ) کەمتر بووەو لەو ژمارەیە، چەقی تەق تەق(١٥٠٠١) کەس و گوندنشینان (٩٢٥٣) کەس بووە.

لە ئێستادا (١١) مزگەوتی تێدایە، ئەوانیش بریتین لە:

١-مزگەوتی کۆنی تەق تەق.

٢- مزگەوتی گەورەی تەق تەق.

٣- مزگەوتیگۆڕقەرەج.

٤- مزگەوتی ئەبوبەکر صدیق.

٥- مزگەوتی شافعی.

٦- مزگەوتی رسول الله.

٧- مزگەوتیخۆشەویست.

٨- مزگەوتی عومەری كوڕی خەتاب.

٩- مزگەوتی صلاح الدين.

١٠- مزگەوتی مەدینە.

١١- مزگەوتی حاجی نامیق.

١٢- مزگەوتی گەرمك.

١٣-مزگەوتی مەلا ئەبوبەكری خۆمان-حوجرەی مەلا صدیقی گەرمكی.

١٤- مزگەوتی عوسمانی كوڕی عەفان.

# پرۆژە خزمەتگوزارییەكانی تەق تەق

لەگەڵ گەڕانەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەق تەق. لە ساڵانی ١٩٩٥تا ٢٠١٢ بەسەدان پڕۆژەی جۆراو جۆرو خزمەتگوزاری لەم ناحیە ئەنجام دراوە، بەتایبەت لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٢ زیاتر لە ١٨ فەرمانگەی نوێ لەم شارۆچكەیە كراوەتەوە، وەكو فەرمانگەكانی (تاپۆ- بانك - دادگا - دارایی - گواستنەوە - كتێبخانە - چاودێری كۆمەڵایەتی - خانەی رۆشنبیری منداڵان - هۆڵی سیمینارو كۆبوونەوە - بنكەی پۆلیسی هاتوچۆ و دارستان - بەرگری شارستانی - سەنتەری

لاوان و رۆشنبیری – نەخۆشخانەی ٥٠قەرەوێڵەیی و کارەبا کە لەبواری دابەشکردنی کارەباوە وێستگەیەکی ٣٣/١١ KVمیگاوات دروست کراوە).

ئەمەو لەبواری گەشت و گوزارەوە: گازینۆی گەشتیاری تەق تەق – پارکی میهناز– پارکی سایەو پردی پەڕینەوە – پارکی چەمی کوێخا رەشید لەسەر کەناری زێی بچووك دروست کراوە.

هەروەها لە روانگەی پەروەردەوە (١١قوتابخانەی بنەڕەتی – ٥ قوتابخانەی ئامادەیی – ٤ خوێندنگەی ئێواران و ٢ باخچەی منداڵان بوونی هەیە) کە لەساڵی ٢٠١٣–٢٠١٤ کۆی ژمارەی منداڵان و قوتابی و خوێندکاران (٧٨١٩ ) کەس بووە.

## ناویپەیمانگەو باخچەو قوتابخانەو خوێندنگەکان

١–ئامادەیی هۆژینی کچان.

٢–ئامادەیی تەق تەقی کوڕان.

٣–ئامادەیی تەق تەقی کچان.

٤– قوتابخانەی ناوەندی خاڵخاڵانی کچان.

٥– قوتابخانەی ناوەندی دکتۆر رەئوف کوڕان

٦– خوێندنگەی ماردینی بنەڕەتی تێکەڵاو.

٧–خوێندنگەی –تاك–ی بنەڕەتی.

٨–خوێندنگەی خاکی بنەڕەتی.

٩–خوێندنگەی قەنعی بنەڕەتی.

١٠–خوێندنگەی بابا گوڕ گوڕی بنەڕەتی.

١١–خوێندنگەی زێوەری بنەڕەتی.

١٢–خوێندنگەی قەندیلی بنەڕەتی.

١٣–خوێندنگەی مەشخەڵی ئێواران.

١٤–پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە لە تەق تەق.

١٥–باخچەکانی: (باخچەی منداڵانی تەق تەق – باخچەی منداڵانی گوڵاڵە تەق تەق – باخچەی منداڵانی ژالیا).

١٦–زانکۆی پۆلۆتەکنیکی هەولێر–پەیمانگەی کۆیە/ بەشی پەرستیاری–بەشی شیکاری نەخۆشیەکان لە تەق تەق.

## کۆنترین شوێنەوارەکانی تەق تەق

١–سێ کاولە دێی کۆن (کوچك نەخشینە – گۆڕقەرەج – زورناسەر).

٢–کەوری مەلا ساڵح (بەرامبەر بەپارکی سایە).

٣–ئەشکەوتی کونە کەمتیار (نزیکی نەخۆشخانە).

٤–شاخی قەلان (رۆژهەلاتی تەق تەق).

٥–کانی پیاوان – کانی ژنان – کانی سارد (خوار ناحیەی تەق تەق)[١٣].

---

[١٣] – کانی سێمەیی، لەگەڵ ئەشکەوتی سۆرەبان کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە وەکو داڵدەو پەناگەیەك بەکاریان هێناوە.

٦–جۆنی بەرد (نزیکفەرمانگەی کشتوکاڵی تەق تەق).

٧–دەباغ (جێی تۆپخانە).

٨–کەلەکچین (شوێنی کەلەکەکان).

## ناوی گۆڕستانەکان

گەورەترین گۆڕستان دەکەوێتە (عروزە) کە ئێستا پڕۆژەی ئاوی(تەق تەق– کۆیە)یە، لەساڵانی ١٧٥٠–١٨٢٠ی زایینی نزیکەی چوارسەد کەسیان لێ نێژتووە کە بەپەتای تاعون وەفاتیان کردووە، تەنانەت ئەو تاعونە گۆڕقەرەج و گەرمکی گرتۆتەوە کە نزیکەی ١٥٠٠کەسی لێ ژیاوەو لە بنەماڵە کۆنەکان کە وەچەیان ماوە(ئادەم ئەبوبەکر سەعید سەلمان مەحم حەسەن حوسێن بەگ).

*گۆڕستانی شێخ مستەفا .

* گۆڕستانی مەلا ساڵح .

* گۆڕستانی شەهیدان .

* گۆڕستانی عەروزە.

* گۆڕستانی شێخ بایز.

* گۆڕستانی بانە رەقە.

* گۆڕستانی دکتۆر رەئوف.

لەگۆڕستانی بانە ڕەقەدا شێخ رەئوف خانەقایی لیٚ نێژراوە کە لەساڵی١٨٩٦ لەدایك بووەو لە١٩٧٣/٦/١ کۆچی دوایی کردووەو چوارینە شیعرێك لەسەر کێلەکەی نووسراوە، شارەزایان دەڵێن: لەیانەی کۆمەلاٌیەتی مەجیدیەی کەرکوك. سەردانی خەراباتی کردووە، ئاڵوودەی مەی بووە.[١٤]

کەسیٚ نەگرییٚ بەدەنگ و ڕەنگ
لەغەیری موغەننی و ئاواز و جەنگ
عومر تێپەڕێنە بەبەزمی شەڕاب
بەدەن با بگێڕیٚ بەکەیل و خەراب
لەکاتیٚ ئەبم من مەبەستی هەلاك
بەئایینی مەستانە بمنێنە خاك
لەداری تریٚ دارە مەیتم بکەن
لەرێگەی خەرابات دفنم بکەن[١٥]

---


[١٤] -زیَودەر، ئاراس ئیلنجاغي.

[١٥] – چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عەبدولاٌ عومەر محەمەد) سەیدی بەرزنجە. ناوبراو لەساڵی١٩٣٦ لە (عەلەخێر) لەدایك بووەو لە ٢٠١٤/٦/٢ لەتەق تەق کۆچی دوایی کردووە.

سەرۆکی شارەوانی تەق تەق لە دیمانەیەکدا...

## مافی هاوڵاتیان لە سیستەمی ئیداری پاریزراوە، بەڵام خەڵکەکە هێشتا قەناعەتی بۆ دروست نەبووە

شارەدێی تەق تەق لەسەرەتای ساڵی ١٩١٩ەوە کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی ناحیە کە ئەو کات ژمارەی ماڵەکانی تەنها



١٥ماڵ بووە.

دوای ٩٥ ساڵ لە بەناحیە بوونی دا، ژمارەی ماڵەکانی زیادی کردووە. بەگوێرەی دوایین ئاماری سەرۆکایەتی تەق تەق(٤٢٩٠)

ماڵەو لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردودا کراوە بە شارەوانی و ئەمڕۆ شەش گەڕەکی سەرەکی هەیە، ئەوانیش:

*گەڕەکی رزگاری.

*گەڕەکی سەربەستی.

*گەڕەکی شەهیدان.

*گەڕەکی رووناکی.

*گەڕەکی ئاشتی.

*گەڕەکی گۆڕقەرەج.

هەڵبەتە زۆرترین کاری خزمەتگوزاری لەم شارەدێیە، دوای هەڵبژاردنەکانی شوباتی ٢٠٠٠دەستیپێکردووە. بە مەبەستی کارو چالاکیەکانی حکومەت، بەڕێز (مام جەلال) دوو جار سەردانی ئەم شارەی کردووە کە خۆم بەشداری کۆبوونەوەکە بووم لە (بانە رەقە)و پارێزگاری هەولێریش (نەوزاد هادی) دووجار سەردانی ئەم شارەی کردووە بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەکانی حکومەت.

لەساڵی٢٠٠٠تا٢٠١٤ (ئازاد مامەند خالید)[١٦] سەرۆکی شارەوانی بوو.

---

[١٦] –ئەندازیار (ئازاد مامەند خالید) لەدایکبووی گوندی باغەجنێرە، ساڵی ١٩٩١–١٩٩٢ بەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی موسڵی تەواو کردووەو لەبواری ئەندازیاری کارگێری دا بڕوانامەی ماستەری لە قوبرس

لەهەڤپەیڤینێکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد[١٧]:

**پرسیار: لەماوەی چواردە ساڵدا توانیوتانە چ خزمەتگوزارییەکی بەرچاو پێشکەش بەشارەدێی تەق تەق بکەن؟**

ئازاد مامەند: زۆرترین کاری خزمەتگوزاری گشتیمان لەسنووری شارەوانیەکەماندا ئەنجامداوە، بەلاّم دیارترینیان:—

**یەکەم:** دانانی نەخشەی بنەڕەتی شارەدێی تەق تەق بەپێی واقیعی حالّ و تۆمارکردنی نوێی گەڕەکەکانی تەق تەق کە لە ٢٠٠٠/١٢/٣ پەسند کراوە.

**دووەم:** بەپێی نووسراوی ژمارە(١٠٥٢٣) لە ٢٠٠٢/٦/٢ بەواژۆی (عوسمان ڕەشیدعەزیز) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی شارەوانی، پلەی شارەوانیەکەمان لە شارەوانی پلە (٣)وە بۆ شارەوانی پلە (٢) بەرز کراوەتەوە، ئەوەش دەستکەوتێکی گەورە بوو کە بەو هۆیەوە خزمەتگوزارییەکان زیاتر پێشکەش کران.

**سێیەم:** جێ بەجێکردنی بڕیارەکانی تەملیککردن بەچوار بڕیارەوە بۆ زەوی و خانووبەرەی هاولاّتیان، هەر لە

---

**بەدەستهێناوەو لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ساڵی ٢٠٠٠ بە بەدەستهێنانی ٩٨٪ی دەنگەکانی دانیشتوانی تەق تەق، بووەتە سەرۆکی شارەوانی تەق تەق.**

[١٧] **—دیمانە: ئاراس ئیلنجاغی.**

بڕیاری(١٢١)ی ئیدارەی سلێمانی ساڵی ١٩٩٨ و (٢٤١)ی ئیدارەی سلێمانی ساڵی ١٩٩٩ و ژمارە (٥)ی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٢و جێبەجێکردنی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو زەویانەی بەهەر هۆیەکەوە ژمارەی تۆماریان نیە لەسنووری شارەدێ و شارۆچکەکان تا پێشینەی خانووبەرەیان پێ بدرێ و گرفتی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکرێت کە تا ئێستا ٨١٩ژمارەی ڕێگەپێدانی خانوو و ٧٥٦مۆڵەتی بینا دروستکردن و ٧٤٧ تەملیك تەجاوزمان ئەنجام داوە تا کۆتایی ٢٠١٣.

هەروەها لەسنووری هەرێمی کوردستان تاکە شارەوانیە کە بەو چوار بڕیارە کاری کردووەو سوودێکی زۆرمان بە هاولآتیان گەیاندووەو بۆ تەملیککردنیش نرخێکی مەرکەزییانەو هەرزان وەرگیراوە.

**چوارەم:** بەگوێرەی دوایین ئاماری شارەوانیەکەمان لەکۆتایی( ٢٠١٣ )دا (١٤٠١٣) مەتر چوارگۆشەی کۆلآن و شەقامەکانی تەق تەق کۆنکریت کراوەو( ٢١١٣٩) مەتر درێژی ئاوەڕۆی سندوقی و لولەیی لە گەڕەکەکانی تەق تەق دروستکراوە کەتەنها (٦٢)کۆلآن ئاوەڕۆی نیەو( ٩٥٨) ماڵی بەسەرەوەیە.

**پرسیار: لەماوەی ١٤ساڵدا نزیکەی ١٥٠ زەویتان بەسەر فەرمانبەران دابەش کردووە، کەچی بەرێزبەندی(٤٥٥) فەرمانبەر**

**هەیە، ئەگەر زەویتان ئامادە بوو، زەوییان بەخاڵبەندی پێ دەدرێت؟**

ئازاد مامەند: هەڵکەوتەی سنووری جوگرافی تەق تەق تەنگەبەرەو لای رۆژهەلاّت و باشووری، زێی بچووکە و بەشی باکوریش بەردەلاّن و زوورگە بۆ دابەشکردن ناشێ و بەشی رۆژئاوایش کەرتی ٢ی گەرمکی کشتوکاڵیەو ناوچەیەکی سەوزایی زیندووە بۆ زەوی نیشتەجێ بوون ناشێ و جیاکردنەوەو کوژاندنەوەو خۆماڵەکردنی زەویش کارێکە کاتێکی زۆری دەوێ، تا ئێستا هاولاّتیان ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست نەبووە کە مافەکانیان لە سیستەمی ئیداری پارێزراو دەبێت، بۆیە ژێر بە ژێر زەویەکانیان دەفرۆشن.

لێرەدا گرفتی سەرەکی ئەوەیە جوتیاران زەویەکانیان بەهی خۆیان دەزانن، کەچی ئەوراقیش پێچەوانەیە، چونکە ئەگەر زەوی گرێبەست و تەسەروف و تەملیك نەبێت ، ئەوە دەبێتە موڵکی دەوڵەت، بۆیە گرێبەست٣٪ی زەویەکەی دەدرێتەوەو هەقی تەسەروف ١٢٪ و تەملیکیش ٢٠٪ی زەوییەکەی دەدرێتەوە، جا لەبەر ئەو گرفتانەیە بەکەمی زەویمان دابەش کردووەو ئێستایش لیستێکمان لەبن دەستە، ژمارەیان ٤٥٥ فەرمانبەرە، ئەوانە تەنها ریزبەندی و خاڵبەندی دەیانگرێتەوە،

هەر کات زەویمان هەبوو و فەرمانی زەوی پێدانیشیان هەبوو، ئەوجا دەتوانین زەوییان پێ بدەین.

**پرسیار: شارەوانیەکەتان ئێستا رووبەری فراوان بووە، خۆی لە سێ هەزار کیلۆمەتر دەدات، ئایا نەخشەی بنەڕەتی٢٠٠٠تا ئەمڕۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فراوانبوونە دەکات. رونتر: بۆچی ماستەر پلانتان بۆ شارەوانیەکە نیە؟**

ئازاد مامەند: بڕیارە لەساڵی ٢٠١٤ بودجە بۆ ماستەر پلانی تەق تەق بۆ ماوەی ٢٥ساڵی داهاتوو تەرخان بکرێ، ماستەر پلا ن بۆ شارەوانیەکەمان دادەندرێ.

سەبارەت بە فراوانبوونیش، هاولاّتیان زەوی و زاری وێنەی تۆمارکراوی ژمار(٩٠)ی هەڵوەشاوە دەکڕن و ئەوانە موڵکی شارەوانی نین و کشتوکاڵین، هێشتا رەگەزەکەیان نەگۆڕاوە بۆ نیشتەجێ بوون.

هەروەها لەماستەر پلانی چاوەڕوانکراودا ئەو گرفتانە چارەسەر دەکەین و زەوی نیشتەجێبوونیش بۆفەرمانبەران دابین دەکەین.

**پرسیار: ئەو نەخشە بنەڕەتیەی ساڵی ٢٠٠٠تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە جگە لە شەقامی سەرەکی شارەدێیەکە، هیچ شەقامێکی تری سەرەکی نێوان گەڕەکەکان فراوان بکات؟**

ئازاد مامەند: کێشەی قەرەبووکردنەوە کێشەی سەرەکییە لەبەردەم ئەو فراوانکردنە لەرووی یاساییەوە، نەوەك لە رووی

بودجە. چونکە هەندێك لەو خانو و زەویانە موڵکی شارەوانین، چۆن دۆسیەی قەرەبوو دەیانگرێتەوە، بۆیە ئێستا لەهەوڵی دۆزینەوەی ئالیەتێکداین کە وێنەی تۆماریان بەناوەوە بکرێ تا هاوڵاتیان زەرەرمەند نەبن وەك ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٨ لەشەقامی سەرەکی تەق تەق ئەنجامماندا لەکاتی فراوانکردنی دا، تا هاوڵاتیان ژیان کەن و بەقازانجی ئەوان بێتە ئاراوە.

* * *

## کەسایەتیەکان

شارۆچکەی تەق تەق لێوان لێو لە کەسایەتی سەخی و سەنگین و پیاو ماقووڵ، خودان دیوەخان و میوان و غەوارە، بەجۆرێ ئاوێزان بە گوندەکانی دەوروبەروبەری بووە، بێ شك لەپەرەسەندنی ئەلقەی ئەو پەیوەندیەدا ژن و ژنخوازی بووەتە هەوێن و پردی بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان، بەتایبەت لەگەڵ هاونیشتمان و نیشنگەکانی شوان و شێخ بزێنی و کۆیەو کەکوك و هەولێرو گوندەکانی دەورو بەری.

لێرەدا تەنها ئاماژە بەناوی هێندێ لەو پیاوماقووڵ و کەسایەتیانە دەدەین کە لەم ڕۆژگارە لەناوماندا نین و لە ژیاندا نەماون، بەلاَم هەگبەو خەرمانەیان لەجوانناسی کۆمەڵایەتی ئەو دەڤەرە پێشکەش کردووەو جێ پەنجەیان بۆ کاتی خۆی دیارو بەرچاو بووە، لەوانە:-

حاجی ئەمین مستەفا – سمایل عەزیز ئاشەوان – عەزیز سلێمان – محەمەد صۆفی – شەریف عەبدوللاَ سەعید – مام بەهجەت تەق تەقی – حەوێز کوێخا رەشید – قادر چایچی – غایب ئەسعەد – حەمەدەمین بەرید – حاجی حەمە محیەددین – حاجی وەلی – حاجی عوبێد – ئەحمەد عەبد – محەمەد عارف – نەسرەدین ئەحمەد – کەریم عەلی – قادر عەلی – مەلا

تەڵوب جاسم – مام ڕەحمان ئاغا – فایەق کاکەڕەش – کاکەڕەش سەعدون – نامیق کاکەڕەش – کوێخا عەزیز – کوێخا ساڵح پۆلیس – سەعید تەق تەقی – زوبێر ئەمین مستەفا – حاجی عەزیز حەمە شەریف – نادر مام خورشید – شەهاب مستەفا قەساب – قادر شەریف – عزەددین قادر – قادر حەمەد عەباس – ئەحمەد جەمیل – عەلی عەزیز – سەلام کاکەڕەش – کەریم شقارتە – قادر رەمەزان – عەبد جاسم – عەزیز کاکەڕەش –ئەکرەم ئەسعەد – مام غەفور – مەعروف ڕەحمان – حەمید کەریم شقارتە – حەسەن عەلی – مامۆستا مەلا صدیق – بەکر وەستا عارف – مەحمود حەمید – حاجی حەمەزیاد – سلێمان عەلی حەلاق – عەبدولڕەزاق صدیق – تۆفیق ئەمین مەعروف –سابیر رەمەزان – مەزبوت ساڵح – فارس عەبدولسەلام – عومەر عەلی حیران – وەستا عارف – ڕەسول حاجی شەریف – بەهائەددین ئەحمەد –نەجیم سەعید – عەلی حەمەد صۆفی کەریم – ئەحمەد ئەمین – فەتاح حەمە مستەفا – حاجی حەمە شەریف – سەید محەمەد عەبدوللاَ – سەیفەددین ئەحمەد ڕەحمان – بەکر قادر شەریف – غەریب عارەب – عادل عەزیز – جەلیل مام ئەحمەد – عوسمان عەلی حیران – سەلمان رەحمان – وەهاب مستەفا – سەدرەدین ئەحمەد – وەشاوە شاعارف – مشیر رەحمان – حاجی خدر

چایچی – ساڵح عەلی حیران – محیەددین ئەحمەد – عەبدوڵڵا مستەفا – ساڵح مستەفا – حاجی شەمسەددین ئەحمەد – د. رەئوف کوێخا عەزیز – صدیق سەعدون – عەبدولواحد ئەحمەد – حاجی باقی لەتیف – سوارە ڕەحمان – حاجی شوکر مستەفا – غازی تەڵوب – حەکیم کاکەڕەش – عەبدولخالق مستەفا – خورشید خەزنە – عەبدوڵڵا سەعید سەلمان – دیاری کاکەڕەش – ئامانج غەریب عارەب – سالار قادر رەمەزان – فوئاد حەمە سۆفی – سەردار حەمە سۆفی – نائیب ئەسعەد – نوری قادر – عوسمان تەیب – فاتیحی عەریزەنووس – عیماد کەریم عەلی – عەریف تالیب – مام نەجیم – حەمەد بانەگوڵانی – محەمەد ئەمین مستەفا –پێشڕەو شەمسەددین ئەحمەد – قاسم عومەر مەنیج – ئەنوەر ئەحمەد – مەریوان ئەنوەر ئەحمەد .

**پۆزش**

داوای لێبوردنمان هەیە، بەهۆی ئەوەی نەمانتوانیوە لێرەدا ئاماژە بە هەموو ناوەکان بدەین.

⋆مەلا ئەبوبەکر تەق

لەساڵرۆژی ئازادکردنی تەق تەق...

# پەیڤێ لە هەڵەبجەی شەهیدەوە




گوڵە نێرگزە ژەهرینەکە

بەهارێکی ڕەش و زیندووم

من هەناسەی خنکێنراوی

رۆژگارەکانی تاوانم

دەنگی زەنگێکی ئەبەدی

بەر گوێچکەی سوڵتانەکانم

**بیٚ ئەلف و بیٚی نەنووسراوم**

**لەوەتای هەم وا دەگەڕیٚم**

**لە ناسنامەی زەوت کراوم**

**بەردستان بوو هەموو گیٚتی**

**لەئاست خۆم و کارەساتم**

**پاداشتی ڕیٚی تیٚکۆشان بوو**

**کیمیاباران کرا خەلاٚتم**

**دەستەپاچە بوون لە ئاستم**

**میٚژگردانی مافی مرۆ**

**بڤە بوو بۆیان بیٚنە دەنگ**

**بەندیٚکیان لەبەندی درۆ**

**کتابیٚ یەك زاتی نەکرد**[18]

**ویژدانی مردووی بنیٚژیٚ**

**لەدیٚر، کەنیسە، مزگەوتیٚ**

**هەر حەرفیٚکم لەسەر بیٚژیٚ؟!**[19]

---


[18] -مەبەست کتابەکانی ئاسمانە، واتە نە فەلەو نە موسلٚمان(قەشەو مەلا) لە وتارەکانیاندا باس لە زامی گەورەی هەلٚەبجە بکەن، ئەوەش بەرەهایی نیە کە هیچ کەس قسەی لەسەر نەکردبیٚ. (نووسەر)

[19] - شیعری: فاتیح بیٚ لایەن خۆشناو

# پاشکۆی وێنەکان









Google Earth


١٩٦٥/٢/١٥


TaqTaq 1965


١٩٥٦





حاجی (عەبد جاسم محەمەد ئەمین)

ساڵی ١٩٠٢ لەشارۆچکەی تەق تەق لەدایك بووە، زانستی شەرعی لای مامۆستا مەلا (رەسول بێتووشی) لە کۆیە خوێندووە، کەسێکی زیرەك و بلیمەت و بەتوانا بووە، هەر بەو هۆیەوە مەلا رەسول کچێکی خۆی بەناوی (عەتیە) پێ دەدات.

حاجی عەبد زیاتر لە نیو سەدە لەخزمەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام و مامۆستایان بوو. بۆ دواجار ساڵی ١٩٩٧ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستان (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بەخاکی دەسپێرن.



حاجی (تەلوب جاسم محەمەد ئەمین)

**ساڵی ١٩٠٥ لەشارۆچکەی تەق تەق چاوی بەدونیای رەوشەن هەڵێناوە، ساڵی ١٩١١ چووەتە نێو ژیانی فەقێیاتی و دەستی بەخوێندنی ئایینی کردووە.**

**ناوبراو هەموو ژیان و تەمەنی خۆی لەخزمەتی ئایین و زانایانی ئایینی بووە بەتایبەت مەلا (صدیق گەرمکی) کە لەگەڵی دا دۆستایەتی و ئاشنایەتیەکی زۆری هەبووە، بەجۆرێ ساڵی١٩٩١ کاتێك بۆ هەتایە دەگەڕێتەوە بەر قاپی دلۆڤان و وەفات دەکات، مەلا صدیق نوێژی لەسەر دەکات و وتەلقینی دەدات، سەرەتای قسەکانی بەوە دەست پێ دەکا، دەڵێت: براکەم تەلوب گوێت لەمن بێ، ئامۆژگاریت دەکەم.پێویستە ئاماژە بەوە بدەم هەر ئەم رەوانشادە بوو منی لە مەرگ رزگار کردومنەتباری ئەوم، سلاٌو لە گڵکۆی نەمریان.**

## سوپاس و پێزانین بۆ:

*هەموو ئەوانەی هاوکاربوون بۆ چاوهەڵێنانی ئەم بەرهەمە.

* سەید (حاتەم عەبدوللاٚ شاهۆیی) و هەموو ئەوانەی بە وتەو وشەیەك ئەم کتێبەیان دەوڵەمەند کرد.

* هەموو ئەوانەی رۆڵیان لە راپەڕین هەبووەو ناویانم لەبیر کردووە.

* بۆ کاك (بۆتان حاتەم) و کاك (رێبوار ئەسعەد) بۆ ناردنی هەندێ لە وێنەکانی پاشکۆی وێنەکان.

*مەلا ئەبوبەکر*

## دوا پەی

ئەم کتێبە دەروازەیەکە بۆ ئاشنا بوون بە مێژووی شاری تەق تەق و بەتایبەتیش ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ی شاری تەق تەق و شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی خۆمان.

ئەمەیش دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ تێزی زانستی و مێژوونووسان، کە بە خامەی عاقڵمەندی خوانخاس کاك مەلا ئەبوبەکر تەق تەقی(ئاوارە) نووسراوەتەوەو خەرمانەیەکی پڕ بەبەها و پەیڤی ڕەسەنایەتیە، بۆیە شایەنی خوێندنەوەیە.

ئەبوبەکر شوان (خادیم)

# ✍ پێرست

📖 ناوەڕۆك ________________________________ ✍ لاپەڕە

پێشکەشە........................................ ٥

بەشی یەکەم/ را پەڕین و بەرخودان........................... ٨

پێشەکی........................................... ٩

را پەڕین لە دیدی مەلا بەکر تەق تەقی......................... ١١

بەشی دووەم/ را پەڕین لەدیدی شایە تحاڵەکانەوە.............. ٣٢

بەشی سێیەم/ تەق تەق لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا............... ٦٦

ڕێخۆشی........................................... ٦٧

ناوی تەق تەق........................................ ٧٠

هەڵکەوتەو پێگەی جوگرافی تەق تەق......................... ٧٣

رواڵەتە دیارەکانی شارۆچکەی تەق تەق........................ ٧٦

رووبەری تەق تەق..................................... ٧٧

خشتەی ژمارە( ١ )رووبەری تەق تەق و گوندەکانی................ ٧٨

مێژووی یەکەی کارگێڕی.................................. ٨٠

ناوی بەرێوەبەری ناحیەکان ................................ ٨٢

دانیشتوانی تەق تەق...................................... ٨٤

خشتەی ژمارە( ٢ )

ژمارەی دانیشتوانی تەق تەقو گوندەکانی لەساڵی ٢٠١٣..... ٨٦

تەق تەق وەك کەرتێکی کشتوکاڵی........................... ٨٨

سامانە سروشتیەکان....................................... ٩٠

رووەکی سروشتی........................................ ٩٠

باری ئابووری تەق تەق.................................۹۱
باری كۆمەڵایەتی و ئایینی تەق تەق........................۹۲
پڕۆژە خزمەتگوزارییەكانی تەق تەق..........................۹۳
ناوی قوتابخانەو خوێندنگەكان...........................۹٤
كۆنترین شوێنەوارەكانی تەق تەق.........................۹٥
ناوی گۆڕستانەكان.................................۹٦
سرۆكی شارەوانی تەق تەق لە دیمانەیەكدا...................۹۸
كەسایەتیەكان.....................................۱۰٥
لەساڵرۆژی ئازادكردنی تەق تەقدا..........................۱۰۸
پاشكۆی وێنەكان...................................۱۱۰
سوپاس و پێزانین..................................۱۱۷
دوا پەیڤ.............................................۱۱۹

* * *